گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/j2jpfj61

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٩/١١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/١٢/١٤
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# پرسی ناسنامەی کارەکتەری پەناهەندە لە ڕۆمانی کوردیدا

**محمد احمد حسن[١] - هاوکار قادر رسول [٢]**

hawkar.qadir@uor.edu.krd - mohammed.hasan@su.edu.krd

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

پرسی ناسنامە، پرسێکی سەردەمیانەیە، پرسێکە لەگەڵ هاتنی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم دەبێتە ناوەندی توێژینەوەی لە زۆر بواردا. پرسی ناسنامە، ناسنامەی جێندەری، نەتەوەیی و زۆر بواری دیکە دەگرێتەوە. ئەم توێژینەوەیەی ئێمە کارکردنە لەبارەی پرسی ناسنامەی کارەکتەری پەناهەندە. لەم بابەتەدا ڕەهەندەکانی ئەنسرۆپۆلۆجی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەرونی گرنگن، چونکە ئەو کەسەی دەبێتە پەناهەندە لەناو کولتورێکدا گەورە بوە و پەروەردە بوە، کاتێک دەچێتە ناو کولتورێکی دیکە ڕوبەڕوی لێکچونی نێوان من و ئەوی دیکە دەبێتەوە. ئاشکرایە بابەتی واقیعی مرۆڤ و پەناهەندیی و کولتوری کۆچ لەناو ڕۆماندا باسکراون. واتە لەناو ڕۆماندا هەمو بابەتەکانی وەک کولتور، ناسنامە و ئەوی دیکە لەناو ئەو جیهانەی پێی دەڵێین ڕۆمان دەنوێنرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆمانی کوردی لەسەر بابەتی ناسنامە و لێکچونی کارەکتەری پەناهەندە وەستاوە و چەند ڕۆمانێکی تایبەت بەو بابەتەمان هەیە ئێمە لە ڕوانگەی گێڕانەوەی کولتورییەوە لەو بابەتە توێژینەوە دەکەین. کارەکتەری پەناهەندە لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، بەردەوام هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ کولتوری ئەو نەتەوەیەدا بگونجێنێت، چونکە کولتور و ناسنامەی خۆی جێهێشتوە و ئێستا دەبێت خۆی لەگەڵ ئەم کولتورە نوێیەدا ڕابهێنێت و بۆ ئەوەی وەک کەسێکی لادەر تەماشانەکرێت.هاوکات دەبێتە هەوڵێک بۆ ئەوەی پنتی لێکچونی نێوان ناسنامەی خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدا پەناهەندەیە بدۆزێتەوە و ناسنامەیەکی تازە بۆ خۆی دروستبکات.

**کلیلە وشەکان:** ناسنامە، ڕۆمانی کوردی، کارەکتەر، پەناهەندە.

# The Question of The Identity of The Refugee Character in Kurdish Novels

**Mohammed Ahmed Hasan[1] - Hawkar Qadir Rasul[2]**

[1]Department of Kurdish Language, College of Education-Shaqlawa, Salahaddin University, Shaqlawa, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish Language, College of Primary Education, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The issue of identity is a contemporary issue, an issue that with the advent of modernism and postmodernism becomes the center of research in many fields. It covers issues of identity, gender identity, ethnicity and many other areas. Our research is working on the issue of refugee character identity. The anthropological, political, social, and psychological dimensions are important in this regard, because the person who becomes a refugee has been raised and educated within one culture, and when he enters another, he is confronted with similarities between me and the other. Obviously, the issues of human reality, refugees and the culture of migration are discussed in the novel. That is, in the novel, all subjects such as culture, identity and the other are reflected in the world we call the novel. In this context, Kurdish novels focus on the identity and character similarities of refugees and we have several novels on this subject. We study this subject from the perspective of cultural narrative. The refugee character in the environment in which he lives is constantly trying to adapt to the culture of the nation, because he has left his culture and identity and now must adapt to this new culture and not be seen as an apostate and find the environment in which he is a refugee and create a new identity for himself.

**Keywords:** Identity, Kurdish Novel, Character, Refugee.

## پێشەکی:

ناسنامە تێکەڵەیەک لە تایبەتمەندی و سیفات و پەیوەندییەکانە، لە ڕێیەوە تاک، گروپ، یان بونەکان پێناسەدەکرێن و جیادەکرێنەوە ناسنامە ئاماژەیە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی لە دو کەس، کولتور، نەتەوە و ئاییندا هەن و لەو ڕێیەوە ئەوان پێی دەناسرێنەوە. ناسنامەی هەر نەتەوەیەک گوزارشتە لە زمان، کولتور، دابونەریت، هونەر، ئاین، خواردن، جلوبەرگ، زەوق و سەلیقە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی... هتد. تاکەکانی هەر نەتەوەیەکیش وەک ئەندامێک لەنێو کۆمەڵگای خۆیان دەبنە هەڵگری هەمان ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵگای خۆیان. بەڵام لێکچون ئاماژەیە بۆ دو شت یان زیاتر کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، بەڵام مەرج نییە یەکسان بن. دەتوانن جیاوازییان هەبێت لە کاتێکدا هێشتا لێکچونیان هەیە. لێکچون بە بنەمایەکی هەرە گرنگ و سەرەکی بنیاتنانی ناسنامە دادەنرێت.

**ناونیشانی توێژینەوە:** (پرسی ناسنامەی کارەکتەری پەناهەندە لە ڕۆمانی کوردیدا) هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی پرسی ناسنامە و لێکچونی کارەکتەری پەناهەندە لە بەشێک لەو ڕۆمانانەی باس لە کارەکتەری پەناهەندیی کراوە. هاوکات باسمان لەوە کردوە کاتێک پەناهەندەیەک لە ڕۆژئاوا دەگیرسێتەوە چۆن پنتی لێکچوی کولتوری و فەرهەنگی خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدا پەناهەندەیە دەدۆزێتەوە. ئەم پنتە لێکچوانە چ کاریگەریان لەسەر ناسنامەی ئەو دەبێت.

**گرفتی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا چەند گرفتێک وەک پرسیار خراونەتەڕو، وەک: چۆن لە ڕۆمانی کوردیدا پرسی ناسنامەی پەناهەندە و پەناهەندەیی خراوەتەڕو؟ نەسەقی کولتوری چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسنامەی پەناهەندە هەیە؟

**سنوری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا کار لەبارەی هەندێک ڕۆمانی کوردی کراوە، کە تێمای ڕۆمانەکان لەبارەی پرسی پەناهەندە و پەناهەندەیین، لەوانە: ماڵی پشیلەکان- هیوا قادر، دوا وێستگەم باکورە- جەلال بەرزنجی، سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا- فەرهاد پیرباڵ، هوتێل ئەوروپا- فەرهاد پیرباڵ، بۆنی دایکم- گەشبیر ئەحمەد، هەنار و فریشتەی مردن- عەتا محەمەد، لەگەڵ چەند ڕۆمانێکی دیکە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەو توێژینەوە خستنەڕوی گوتاری ڕۆمانی کوردییە سەبارەت بە پرسی ناسنامە و پەناهەندەیی، کە ڕۆمانی کوردی چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتانە کردوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕەخنەی کولتوریمان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کاریگەرییە کولتورییەکانی پشت پێکهاتە جوانکارییەکانی دەق ئاشکرا بکەین.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە** جگە لە پوختە و پێشەکی، توێژینەوەکە بریتییە لە دو بەش. بەشی یەکەم باسمان لە هەردو چەمکی ناسنامە و لێکچون، پاشان پەیوەندی ناسنامە بە ئەدەبەوە کردوە. لە بەشی دوەمدا لەناو ڕۆمانی کوردیدا نواندنەوەی کارەکتەری پەناهەندەمان لەڕوی ناسنامە و لێکچونەوە خستوەتەڕو. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و لیستی سەرچاوە بەکارهاتوەکان خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری بۆ چەمکی ناسنامە و ئەدەب

### ١. ناسنامە و لێکچون

ناسنامە کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندیی و بیروباوەڕ و ...هتد، کە گروپێک یان نەتەوەیەک لە گروپێک و نەتەوەیەکی دیکە جیا دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ناسنامە تێکەڵەیەکە لە تایبەتمەندی و سیفات و پەیوەندییەکان کە تاک، گروپ، یان بونەکان پێناسە دەکەن و جیایان دەکەنەوە. ناسنامە بە بیروباوەڕەکان، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی، ڕەفتار و بیرکردنەوەکان کەسێک یان گروپێک تایبەت دەکەن.. ناسنامە ئەو شتەیە کە پێناسەی تایبەتمەندی بونێک دەکات، جا چ بە مانای فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، یان کەسی. لە ئێستادا ((ناسنامە دەلالەتە بۆ گروپێک یان نەتەوەیەک کە ڕیشەیان لەڕوی ڕەچەڵەک و مرۆڤناسی و کولتورییەوە یەک بێت))(رسول، ٢٠٢٤: ١٠٦).

هەوڵدان بۆ باسکردنی زاراوەی لێکچون، بەرچاومان ڕون دەکاتەوە، کە کارەکتەری پەناهەندە چۆن دەتوانێت لایەنی لێکچون ناسنامەی کولتوری و نەتەوەیی و ئاینی خۆی لەگەڵ ئەو وڵات و نەتەوەیەی تێیدا پەناهەندەیە بدۆزێتەوە. دۆزینەوەی خاڵی لێکچون کۆمەکی زۆری کارەکتەری پەناهەندە دەکات بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆی بپارێزێت. لێکچون ئاماژەیە بۆ دو شت یان زیاتر کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، بەڵام مەرج نییە یەکسان بن. دەتوانن جیاوازییان هەبێت لە کاتێکدا هێشتا لێکچونیان هەیە. بۆ نمونە تابلۆی دو هونەرمەندی جیاواز لەوانەیە لێکچونیان هەبێت لە شێواز، بەکارهێنانی ڕەنگ، یان بابەتدا، بەڵام یەکسان نین، چونکە هێشتا بەرهەمی جیاوازن. بەواتایەکی دیکە لە لێکچوندا ڕێگە بە گۆڕانکاری دەدرێت. لەهەمانکاتدا گرنگی بە لایەنە هاوبەشەکانیش دەدرێت. شتە لێکچوەکان لە هەندێک ڕووەوە هاوشێوەن، بەڵام لە هەندێکی تردا جیاوازن. لێکچون بە بنەمایەکی هەرە گرنگ و سەرەکی بنیاتنانی ناسنامە دەزانین. کە بەهۆی ئەو بنەمایەوە دەتوانین خاڵە لێکچوەکانی دو نوسەر یان بەرهەمی دو شاعیر یان ئەدەبیاتی دو قۆناغ یان بەرهەمی ئەدەبی دو نەتەوە...هتد دەستنیشان بکەین. لێکچون تیشک دەخاتە سەر هاوشێوەیی نێوان شتەکان. بۆ نمونە، ڕەنگە دو ڕۆمان لە ڕوی پێکهاتە و چنینی پلۆت، کارەکتەرەکان، یان بابەتەکانەوە "لێکچون"یان هەبێت.

زاراوەی ناسنامە لە زمانی ئینگلیزی (Identity) پێدەگوترێت و لە زمانی فارسی (شناس) و لە زمانی عەرەبی (الهوية) بۆ بەکاردەهێنرێت. لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر زاراوەی (ناسنامە) لەلایەن توێژەرانەوە چەندین زاراوەی جیاواز بەکارهاتوە لەوانە: (هەویە، شوناس، شناس، ناسا، پێناس). کە هەمو ئەوانە بۆ گوزارشتکردن لە یەک واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێت. لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا (ناسنامە) واتا (پێناساندن یان وەسفکردن) (موکریانی، ١٣٧٦: ٨٥٣) ناسنامە زاراوەیەکی لاتینیە لە ((وشەی (Identitas)هاتوە کە بە واتای "لێکچون" دێت. واتا ئەو پەیوەندییەیە کە شتێک تەنها لە خۆیدا هەڵیگرتوە))( Audi, 1999: 415)، واتە ناسنامە بریتییە لە کۆی ئەو سیفەت و تایبەتمەندییە جەوهەریانەی کە مرۆڤ دەکاتە هاوشێوەی خۆی. لەبارەی مێژوی ناسنامەوە، فرانسیس فۆکۆیاما پێی وایە دەستەواژەی ناسنامە ((لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەلایەن (ئیریک ئیریکسۆن) وەک چەمکێکی تازە بەکارهاتوە ))( فۆکۆیاما، ٢٠١٩: ٢٩)

ناسنامە چەمکێکی فرەلایەنە و دەتوانرێت لە چوارچێوەی جیاوازدا تێیبگەین. بە هەمو فۆرمەکانییەوە ئاماژەیە بۆ ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەی کە شتێک، یان کەسێک دەکەنە ئەوەی کە هەیەتی. لەلایەکی دیکەوە ناسنامە چەمکێکی ئاڵۆزە و لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری ڕەهەند و پێوەری جیاوازە، کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بونی تاک یان گروپێک لەخۆدەگرێت، لەوانە توخمە کەسیی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان، بۆ نمونە هەمو کەس خاوەنی ناسنامەیەکە وەک تاک، هاوکات خاوەن ناسنامەیەکە وەک ئەندامێک لەناو گروپێک یاخود نەتەوەیەکدا. ناسنامەی هەر نەتەوەیەک گوزارشتە لە زمان، کولتور، دابونەریت، هونەر، ئاین، خواردن، جلوبەرگ، زەوق و سەلیقە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی... هتد. تاکەکانی هەر نەتەوەیەکیش وەک ئەندامێک لەنێو کۆمەڵگای خۆیان دەبنە هەڵگری هەمان ناسنامەی نەتەوە و کۆمەڵگای خۆیان.

ئاڵۆزی چەمکی ناسنامە لەوەدایە کە ((بەشێوەی ئەڵقەی زنجیرەی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک چەمک و بواری جیاجیاوە وەک نەتەوە، دەوڵەت، ڕۆژهەڵاتیبون، یان ڕۆژئاواییبون، مێژو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، سیاسی، شارستانێتی، ئەدەب ...هتد، کە خودی ئەم کۆمەڵە چەمک و بوارە هەریەکەیان بۆ خۆیان چەندین بنەمای تایبەتی هەیە و هەڵگری باس و خواستگەلێکن کە چەمکی ناسنامە دێتە گۆکردن ئەوا ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ ئامرازێکی پرس دەچێت کە خۆی لە مۆرفیمی کێ؟ دەنوێنێت))(قادر علی، ٢٠٠٨: ١٨)، کەواتە قسەکردن لەسەر چەمکی ناسنامە بە شێوەیەکی گشتی، لە هەمان کاتدا قسەکردنە لەبارەی کۆمەڵێک ڕەگەز، کە گرنگن بۆ ناسنامە ئەوانیش: زمان، کولتور، ڕەگەز، ئاین، داب و نەریت و مەودای جوگرافییایە.

ناسنامە وەک پرسێکی گرنگ لەم سەردەمەدا لە گۆشەنیگا و تیۆری جیاوازەوە گرنگی پێدراوە و زۆری دەربارە گوتراوە، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو تیۆری و ڕوانینانە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە ناسنامە لە ئەنجامی جیاوازی تاکایەتی و پێگە و پەیوەندی تاکەوە بە کۆمەڵگەوە پێناسە دەکرێت. چونکە تاکی وشیار لەسەرەتادا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت و دەپرسێت (من کێم؟)، ئەمە پرسیارێکە و لە سەرەتای هۆشیاری مرۆڤایەتیدا لەگەڵ مرۆڤدا هەبوە و تاوەکو خۆی بناسێتەوە، واتە لەوکاتەوەی کە بۆ مرۆڤ گرنگ بوە خۆی بناسێت و ناسنامەیەکیش بە خۆی و کارەکانیشی ببەخشێت. پرسی ناسنامە پرسێکی گرنگە و شایەنی لێ وردبونەوەیە بۆ ئەم مەبەستەش ((کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی وەک (فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و تاکایەتی و سیاسی و هتد) وەرگرتوە، لەم نێوەندەشدا وەکو کیانێکی یەکگرتو (ئەدەب و ناسنامە) لەگەڵ یەکتری دا و بەیەکەوە گەشە دەکەن. ئەم پرسە گەلێک تێڕوانین و بۆچونی جیاوازی لە دەرەوەی خۆی کۆکردوەتەوە)) (عەلیزدە، ١٣٩٤: ٨٠) هەر یەکێکیش لەو تێڕوانینانە ئەم پرسە بە لایەنێک لە لایەنەکانی وەک ئاین، مێژو و ئایدیۆلۆژیا و جۆری ئەو گوتارانەی کە ئەم پرسە ئاراستە دەکەن دەبەستێتەوە.

ناسنامە پەیوەست بەبواری کولتور و داب و نەریت و زمان و نەتەوە بە یەکێک لە ئاریشە سەردەمییەکان دادەنرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبون و پەلهاویشتنی ئەم چەمکە و بەکارهێنانی لە چەندین بواری ((فیکری و کۆمەڵایەتی و کولتوری ئەمە وایکردوە چەمکەکە بخزێتە نێو چەندین کایەی فیکری و مەعریفی جیاواز))(رسول، ٢٠٢٤: ١٠٢).

دروستبونی ناسنامە لە ئەنجامی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و بەلاوەنانی بەرژەوەندییە کەسییەکانەوە دەبێت، چونکە گوزارشت لە کەسێتی و جێگە و تاکەکانی دەکات، کە لە دەرەنجامی بەرپرسیاریەتی تاکە هەستیارەکان دێت. هەروەها ناسنامە بریتییە لە یەکگرتنی تاکەکان لەشێوەی گروپێک یان نەتەوەیەکدا، ئەویش بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە ماناکانی ناوەوەی ناسنامە ((بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی پەروەشی خودەکانەوە بە دەست دەکەوێت))(الجراری، ١٩٨٨: ٢٢)، چونکە

مەبەست لە ناسنامە ((دیوە ڕاستەقینەکە و ماهییەتی مرۆڤەکە خۆیەتی ئەو ڕەفتار و ئەدگارانەی ئەوی پێ لە کەسی تر جیا دەکرێتەوە، چ وەک تاکێک سیمای تایبەتی خۆی هەڵدەگرێت بەرامبەر تاکەکانی تر چ وەک گروپ دەبێتە هۆکاری جیاوازی و وێکنەچونیان لەگەڵ گروپەکانی تری کۆمەڵایەتی بەو پێیە ناسنامە لەسەر بنەمای (من- ئەو) دروست دەبێت.))(رسول، ٢٠٢٤: ١٠٢-١٠٣).

چەمکی ناسنامە چەمکێکی جوڵاوە (دینامیکی)یە و دەتوانێت بە تێپەڕبونی کات پەرەبسێنێت بەهۆی گەشەکردنی کەسی و ئەزمونەکانی ژیان و گۆڕانی زەمینە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان. واتە ((یەکێک لەو لایەنانەی کە لە دیاری کردنی ناسنامەدا ڕوبەڕوی ئاڵۆزی و شڵگۆڕکێی چەمکەکەیمان دەکاتەوە لایەنی توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیە، چونکە هەر یەکێک لەو توخمانەی کە دواجار پێکەوە بنیاتێکی یەکگرتوی ناسنامە دیاری دەکەن، هێزی ئەوەی هەیە بتوانێت ئاراستەی دیاریکردن و پێناسەکردنی شوناس بە لای خۆیدا کەمەندکێش بکات توخمەکانیش وەکو :هاوڕەگەزی، شوێنی جوگرافی، زمان، ئاین، ئەدەب، مێژو، فەرهەنگی هاوبەش، نەریت و دیاردەی ڕۆشنبیری هاوبەش))(سەعید، ٢٠٠٣: ٥٠). ناسنامە بە هیچ شێوەیەک شتێکی ڕاوەستاو و نەگۆڕ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی جوڵاوە و کارلێک لەگەڵ دەوروبەرو ژینگەکەدا دەکات و بەپێی حاڵەتەکان و بارودۆخەکان پێکهاتەکان گۆڕانییان بەسەردا دێن. ئەمەش بەهۆی ئەوەیە سروشت و بیرکردنەوە و بنیاتی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕان و نوێبونەوەدایە، لەبەرئەوەی ((توانا و ژیری مرۆڤەکانیش بە پێی ئەو ژینگە و چوارچێوە کۆمەڵایەتییە دەگۆڕێت کە ئەو تێیدا دەژیێت، ناسنامەش وەک بەشێکی زیندوی دیوە مەعریفییەکەی مرۆڤ جێگیری و وەستان بەخۆوە نابینێت. ناسنامەی تاک بە درێژایی مێژو لە گەشەدا بوە هەردەم لە گۆڕاندایە. بۆیە تاک لێهاتویی ئەوەی لەباردا هەیە ئەو ناسنامەیە بۆ خۆی پێکەوە بنێت کە تاکایەتی ئەو لە ئەوانی تر جیادەکاتەوە))(رسول، ٢٠٢٤: ١١٠) بەشێوەیەکی گشتی چەمکی ناسنامە ((گەرای زیندوێتی و بەردەوامی گۆڕان و نوێبونەوەی لە خۆدا هەڵگرتوە و ئامادە نییە لە هیچ سەردەم و بارودۆخ و شوێنێک بارگەی خۆی بپێچێتەوە و کۆتایی بە خۆی بێنێت. بەڵکو خودی ناسنامە پرۆسەیەکە لەناو کۆمەڵێک پرۆسەی تر ئەو کار لە ئەوان دەکات و ئەوانیش کاری تێدەکەن))(قادر علی، ٢٠٠٨: ١٨-١٩).

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین، کە پرسی ناسنامە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەتی زۆر جیاوازە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پرسە لە ڕۆژئاوادا، چونکە ((لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەزمونی بەنێودەوڵەت- نەتەوەکان دورە لە بایەخی دیموکراتیک و لیبراڵەکان و چارەنوسی کەمایەتییە ئەتنیکی و ئاینی و نەتەوایەتییەکان، جیاوازە لە هی گروپگەلی لەم چەشنە لە چوارچێوەی ئەوروپادا. دەوڵەت- نەتەوەکانی ئەم هەرێمە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەر حاشالێکردنی ئەوانی تر بنیاتناوە و بۆ پاساوی ئەم کارەیان مێژویەکی دەستکردیان کردوەتە گوتاری زاڵ و تێیدا زمانە سەردەستەکانی خۆیان وەک زمانی (ڕۆژ) و (شیرین) و (کامیل) وێناکردوە و زمانی ئەوی تریان وەک زمانێکی (کێوی) و (زاراوە) ناساندوە. هەر بۆیە پرسی پێچەڵپێچی ناسنامە لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت و ئەوەی کە (تۆ کێی) دەبێتە پرسێکی ناوەندی نەک هەر لە ئاستی تاک بگرە لە ئاستی نەتەوەییشدا ڕەنگە هەڵە نەبێ ئەگەر بگوترێت پرسگەلی (خەڵکی کوێی) و (کێی) ئەو پرسە سەرەکییانەن کە مرۆڤی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەردەوام ڕوبەڕویان دەبێتەوە و بەرسڤی ئەم پرسیارانە لە دەرەوەی گوتاری ڕەسمیدا گرفت خوڵقێنە و ناسنامەی مرۆڤ و گروپی پلە دو نەک بە گوێرەی ویستی خۆیان بگرە لەسەر بنەمای گوتاری زاڵ، کە بۆ سەپاندنی خۆی کەڵک لە هێزی سەرکوتکردن وەردەگرت، دادەڕێژێت. کاتێک باوەڕمان بەوە هەبێ کە ناسنامە دیاردەیەکی ساز کراوە و شتێک نییە کە لە ئەزەلەوە هەبوبێت تێدەگەین کە مێژوی هاوچەرخی کورد شتێک نەبوە لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ گوتاری ئەوانی تر بۆ ڕێگەنەدان بە هەبونی گوتاری ناسنامەسازی کوردی))(ئەحمەد

زادە، ٢٠١٢: ٢٤٨)، کەواتە بونی ناسنامە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی دروستکراوە. وڵاتانی سەردەستە بەپێی ویستی خۆیان هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی ئەو ناسنامەیان داوە، کە نەتەوە ژێردەستەکان هەیانبوە، چونکە ئەوان میللەتی سەردەستە بونە لە ڕوی سیاسییەوە هێزی باڵا دەست بونە. بۆیە بە هەمو توانایانەوە هەوڵیان داوە کە ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە. ئەو گیان و ڕۆحە کوردییەی کە لەناو تاکەکانی نەتەوەکەماندا هەیە نەیهێڵن.

**٢. پەیوەندی نێوان ئەدەب و ناسنامە**

پەیوەندی ناسنامە بە ئەدەبەوە پرسێکی گرنگ و جێی بایەخ بوە لە ئەدەبی کوردیدا. هەر لەسەردەمە دێرینەکانەوە، پرسی ناسنامە لە بەرهەمی شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیران دلێرانە دەنگی خۆیان هەڵبڕیوە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمان، خەڵکیان بێدار کردۆتەوە لە زوڵم و نادادیی داگیرکەران. کۆشاویانە بۆ وشیارکردنەوەی میللەتەکەیان و بە ئاگا هێنانەوەیان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان.

ئەدەبیات بەگشتی بەو پرسیارانە سەرقاڵ بوە، کە پەیوەندییان بە ناسنامەوە هەیە. بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕاشکاوانە و بە ئاشکرایی گەلاڵەی وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە دارشتوە، ئەدەبیاتی گێڕانەوە بە تایبەتی شوێن پێی بەسەرهاتی ئەو کەسایەتییانە هەڵدەگرێت، کە خەریکن خۆیان پێناسە دەکەن و لە سۆنگەی ئاوێتەکاری جۆراوجۆری ڕابردویان ئەو شتانەی هەڵیان دەبژێرن کاریگەری لەسەریان هەیە. ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی دو ژانر و ئاوێنەی زۆر باشن بۆ ئەوەی کولتور و فەرهەنگ و ناسنامەی خۆمانیان تێدا بنوێنینەوە. لەو ڕێیەوە دەتوانین خۆمان بناسینەوە، ناسنامەی خۆمان بدۆزینەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی ڕۆمان بە ناسنامەوە بۆ ئەمەیان چەندین پرسیار دێتە پێشەوە، وەک ئایا ڕۆمان دەتوانێت نواندنەوە بۆ ناسنامە بکات؟ یان ڕۆمان توانای دروستکردنی ناسنامەی هەیە؟ یان ئایا ڕۆمان فاکتەر و پاڵنەرێکی بەهێز و وزەبەخشە بۆ خوڵقاندن و دۆزینەوەی ناسنامە؟ یان ئەو هێزانە چین کە ڕۆمان پشتی پێ دەبەستێت بۆ خوڵقاندنی ناسنامە؟ یان ئایا ڕۆمان دەتوانێت جیاوازی و لێکچونی ناسانامەی تاک و نەتەوەکان بخاتەڕو؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تریش ڕوبەڕومان دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی پرسی ناسنامە ((هەر تەنیا پرسێکی ڕوتی بێ ڕەهەند نییە، بەڵکو پرسیارێکە بە پێی شوێنگە و ساتەوەختی جیاجیاوە دیاریکراوە و ئاست و چۆنیەتی و تایبتمەندیەتی خۆی هەیە))(ڕامان، ٢٠٠٠: ٣٠٨).

بنەماکانی ناسنامە پەیوەندی بە ڕۆمانەوە هەیە هەریەک لە ڕەگەزەکانی وەک (( کەسێتی و شوێن و کات بە توخمە سەرەکییەکانی ئەم ژانرە دادەنرێن و بێ بونی ئەوانە ئەو ژانرانەی پێوەستن بە هونەری گێڕانەوە هیچ مانایان نابێت، واتە ئەم توخمانە توخمی هاوبەشن لە نێوان ڕۆمان و ناسنامەدا ڕۆڵی بەجێ و کاریگەریان هەیە لە سازاندنی ڕۆمان و ناسنامەدا))(قادر علی، ٢٠٠٨: ٢١). واتە ئەو ڕەگەزانەی کە پێویستن بۆ هەبونی ناسنامە ئەوا لە ڕۆمانیشدا دەیاندۆزینەوە و هاوبەشن.

زۆرجار ئەدەب وەک ئاوێنەیەک کاردەکات. کە ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی ناسنامەی تاک و دەستەجەمعییە. فەزای گەڕان و دەربڕین و تێگەیشتن پێشکەش دەکات. لێرەدا چەند لایەنێکی سەرەکی پەیوەندیی نێوان ( ناسنامە و ئەدەب) دەخەینەڕو:

١ . گەڕان بەدوای خود دا: لەڕێگەی ئەدەبەوە نوسەران دەتوانن، بە دوای ناسنامەی خۆیاندا بگەڕێن و دەربیبڕن، تێڕوانینێک بە ئەزمون و بیروباوەڕ و بەها کەسییەکانیان دەدات. نوسەران لە ڕێگەی کارەکتەر و گێڕانەوەکانەوە دەتوانن قوڵ ببنەوە بۆ لایەنەکانی ناسنامەی خۆیان و ناسنامەی ئەوانی دیکە.

٢. نواندنەوە و فرەچەشنی: ئەدەب وەک سەکۆیەک بۆ دەنگ و ئەزمونە جۆراوجۆرەکان کاردەکات. نواندنەوە بۆ ناسنامەی جۆراوجۆری کولتوری، نەتەوەیی، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی دەکات. یارمەتیدەرە بۆ فراوانکردنی تێگەیشتنی خوێنەران لە دیدگا جیاوازەکان.

٣. دروستبونی ناسنامە بەهۆی ئەدەبەوە: ئەدەب دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەستی ناسنامەی خوێنەر هەبێت. خوێنەران لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەر و چیرۆکەکانەوە، ڕەنگە بیر لە ناسنامەی خۆیان بکەنەوە و نۆرمەکانی کۆمەڵگا بخەنە ژێر پرسیارەوە و تێگەیشتنێکی قوڵتر لە خۆیان و ئەوانی دیکە پەرەپێبدەن.

٤. دەوروبەری (سیاق)(کۆنتێکست)ی کولتوری و مێژویی: زۆرجار ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو دەوروبەرە کولتوری و مێژوییانەیە، کە تێیدا نوسراوە. تێڕوانینێک بۆ ناسنامەی تاک و پێکهاتەکان لە چوارچێوەی ئەو کۆنتێکستانەدا دەرەخسێنێت.

٥. ئەدەب دەتوانێت بەدواداچون بۆ یەکتربڕینی ناسنامەکان بکات. واتە لێکۆڵینەوە لەوە بکات کە چۆن لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕەگەز، چین، سێکس و زیاتر کارلێک دەکەن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

٦. ئەدەب دەتوانێت ئامرازێکی بەهێز بێت، بۆ بەهێزکردن گروپە پەراوێزخراوەکان، هەوڵ بدات بە نیشاندانی ئەزمون و خەباتیان. دەتوانێت وەک فۆرمێک لە بەرخۆدان و ئامرازێک بۆ دوپاتکردنەوەی ناسنامە لە بەرامبەر ستەمکردندا خزمەت بکات.

بە گشتی ئەدەب و ناسنامە بە قوڵی بەیەکترەوە گرێدراون، ئەدەب وەک هێزێک لە دارشتنی ناسنامە تاکەکەسییەکان و دەستەجەمعیەکان خزمەت دەکات و ڕۆڵ و کاریگەری هەیە.

کەواتە ناسنامە کاریگەری لەسەر هەمو لایەنەکانی ژیانمان هەیە. بەشێکی دانەبڕاوە لە خۆشگوزەرانی و کارکردنی گشتیمان. ناسنامەی کەسیی، مرۆڤ بە شێوە و ناو و تایبەتمەندی و نەتەوە و تەمەن و ...هتد دەناسێتەوە. ناسنامەی بەکۆمەڵ (نەتەوەیی) ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە هاوبەشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵێک کەس، کە لە گروپەکانی دیکە جیایان دەکەنەوە. ئەندامانی ئەو گروپە لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکاندا هاوشێوەن کە وەک گروپێک پێکیانهێناون، ڕەنگە لە توخمەکانی دیکەدا جیاواز بن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر گروپبونیان نییە.

بە سەرنجدان لە بەرهەمی شاعیران ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕون دەبێتەوە، بەشێوەیەکی دیار پرسی ناسنامە لە شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی) ییەوە دەست پێدەکات و هەر لەو سەردەمەوە پرسی ناسنامە گەنگەشە و کێشمەکێشمی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەدەب وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان سەبارەت بە ناسنامە ئەرکێکی دولایانەی دەکەوێتە ئەستۆ، بەوەی پێویست بوە لەسەری لە لایەکەوە ئەگەر ناسنامەیەک هەبوبێت ئەوا بیپارێزێت، ئەگەریش نەبوبێت ئەوا دەبێت هەوڵی دروستکردنی بدات.

**بەشی دوەم: ڕەنگدانەوەی ناسنامە و لێکچون لە ڕۆمانی کوردیدا**

دوای ئەوەی بەشێوەیەکی کورت باسمان لە چەمکی ناسنامە بەگشتی و پەیوەندی ناسنامە بە ئەدەبەوە کرد، ئینجا باس لە ناسنامە و لێکچون و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی کوردیدا دەکەین. واتە باس لە ناسنامە و لێکچون دەکەین لەو ڕۆمانانەی کە

دەربارەی کارەکتەری پەناهەندەنە. واتە ئێمە دەمانەوێت ناسنامە و لێکچون لە کارەکتەری پەناهەندەدا بدۆزینەوە کە چۆن کارەکتەری پەناهەندەی ڕۆژهەڵاتی وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە. کارەکتەری پەناهەندە لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، بەردەوام هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ کولتوری ئەو نەتەوەیەدا بگونجێنێت، چونکە کولتور و ناسنامەی خۆی جێهێشتوە و ئێستا دەبێت خۆی لەگەڵ ئەم کلتورە نوێیەدا ڕابهێنێت و بۆ ئەوەی وەک کەسێکی لادەر تەماشا نەکرێت. ئێمە لێرەدا لەسەر ناسنامە و لێکچونی کارەکتەری پەناهەندە لە ڕۆمانی کوردی دەوەستین و بنەما لێکچوەکانی ناسنامە دەخەینەڕو. کە ئەمانە گرنگترینییانن.

**١-ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کولتوری:** ئاماژەیە بۆ ئەو نەریت و زمان و بەها هاوبەشانەی، کە مرۆڤەکان بە کولتور یان گروپێکی دیاریکراوەوە دەبەستنەوە. ناسنامەی کولتوری تاکەکان لە قاڵب دەدات، کە چۆن هەست بە خۆیان و شوێنی خۆیان لە جیهاندا دەکەن. کاریگەری لەسەر ڕەفتار و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروست دەکات. بە واتایەکی دیکە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کولتوری ئاماژەیە بۆ ئەو گروپانە یان کۆمەڵگایانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەناسرێتەوە، وەک نەتەوە، ئاین، ڕەگەز و زۆر شتی تر. بەهۆی کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگادا لە قاڵب دەدرێت و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە چۆنیەتی هەستکردنی مرۆڤەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ناسنامەی کولتوری دەتوانێت فرەلایەن بێت. لە کۆمەڵگە فرەکولتورییەکان تاک بەردەوام بەر کولتوری جیاواز دەکەوێت. ئەم جیاوازیی کولتورییە کاریگەری لەسەر ئەو تاکانە دادەنێت، زۆر جاریش توخمەکانی کولتوری تێکەڵ بە بون و هەستی ئەو کەسانە دەبن.

ناسنامەی کولتوری و کۆمەڵایەتی لە چەند توخمێکی سەرەکی پێکدێن، کە بریتین لە:

١- نەتەوە: پەیوەستە بە ڕەچەڵەک و میراتی هاوبەشەوە، دەتوانێت زمان و ئاین و داب و نەریت لەخۆ بگرێت، واتە نەتەوە ((ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە بە درێژایی مێژو دروست بون و جێگیر بون، بنەماکانی نەتەوەش زمان و خاک و ئابوری هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژی هاوبەشن))(نەبەز، ١٩٨٤: ٧٦). ناسنامەی نەتەوەیی تاکەکان بە وڵاتی ڕەسەن یان هاوڵاتیبونیانەوە دەبەستێتەوە، زۆرجار پەیوەندی بە نیشتمانپەروەری، بەها نەتەوەییەکانەوە هەیە.

پەناهەندە کوردەکان لە هەندێک باردا کاتێک باس لە ڕەگەز و نەتەوەی خۆیان دەکەن، وەک کەسێکی ڕۆژئاوایی خۆیان دەنوێننەوە. ئێمە لێرەدا لەسەر ئەو هاوبەشی و لێکچونە دەوەستین. بۆ نمونە چ وەک تاک، چ وەک نەتەوە مرۆڤ پێی ناخۆشە حاشا لە بونی(وجود)ی بکەی. واتە ئەو هەستە لای هەمو نەتەوە و تاکەکانی نەتەوەیەک چونیەکە و درک بەو هەستە ناخۆشە دەکەن. کاتێک تۆ هەیت، بەڵام حاشا لە بونت دەکەن ئەمە لەسەر ئاستی تاک. لەسەر ئاستی نەتەوەش بەهەمان شێوە. ئێمە وەک نەتەوەی کورد ڕوبەڕوی ئەو بەریەککەوتن و سڕانەوەیە بوینەتەوە، لەلایەن دەوڵەتە سەردەستە بەهێزەکانی دراوسێ. ئەوەتا تورک بە تورکی شاخاوی ناومان دەبەن و فارس بە لقێکی خێزانی زمانی فارسیمان دادەنێن. مەحەمەد کە پەناهەندەیەکی کوردی ناو ڕۆمانی (ماڵی پشیلەکان)ە، لەگەڵ پەناهەندەیەکی ڕەگەزپەرستی تورک ڕوبەڕوی شەڕ و بەریەککەوتن دەبێتەوە، چونکە تورکە ڕەگەز پەرستەکە دەڵێت نەتەوەیەک نییە بە ناوی کوردەوە و لە تورکیاش کورد بونی نییە، دەبینین مەحەمەد ئەو هەستەی زۆر بەلاوە ناخۆش دەبێت. بۆیە کاردانەوەی مەحەمەد بەجۆرێک توند دەبێت، لەگەڵ پەناهەندە ڕەگەزپەرستە تورکەکە شەڕ دەکات و لەو قسەیەی پەشیمانی دەکاتەوە. (ئەنداش) کە

کارەکتەرێکی بەڕەگەز سویدییە، بە مەحەمەد دەڵێت: ((دەزانم قورسە کەسانێک ئینکاری بونی تۆ بکەن و کەچی هەش بیت، بە داخەوە بیر تەسکی مرۆڤ هۆکاری سەرەکی هەمو کێشەکانە

- ڕەنگە وا بێت.

- ئەنداش بەڵێ وایە))(قادر، ٢٠١٧، ٢٧١). دو مرۆڤ یەکیان پەناهەندە و ئەوی تریان خەڵکی ڕەسەنی سویدە، هەردوکیان هاوڕان لەسەر ئەوەی مرۆڤ هەر ناسنامە و ڕەگەز و ئاینێک بێت، نابێت نکۆڵی لە بونی بکرێت. کاتێک پەناهەندەیەک لە لایەن هاوڵاتیانی وڵاتی تاراوگە ڕەت دەکرێتەوە، یان نکۆڵی لێ دەکرێت، ئەوا سەردەکێشێت بۆ ڕەگەزپەرستی. کەواتە ئەم هەستە، هەستێکی لێکچوە. زۆرن ئەو کەسانەی لە وڵاتە ئەوروپییەکان، یان وڵاتانی ڕۆژهەڵات، حەز ناکەن مرۆڤی تر ببێتە پەناهەندە لە وڵاتەکانیان.

مرۆڤی پەناهەندە پێویستە خۆی لەگەڵ ئەو کولتور و ژینگە نوێیەی ئەو وڵاتەدا بگونجێنێت کە تێیدا پەناهەندەیە. بۆ نمونە (مەحەمەدی حاجی زادە)کە پەناهەندەیەکی بەڕەگەز فارسی ناو ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)یە، پێی وایە مرۆڤ پێویستە خۆی لەگەڵ کولتور و ئەو ژینگە نوێیە بگونجێنێت کە لێی دەگیرسێتەوە، بۆیە دەڵێت: ((کاتێک دەگەیە ئەوروپا بەس نییە تەنها ڕۆژهەڵاتی بیت.

مورتەزا گوڵچین لە محمدی حاجی زادەی پرسی، مەبەست چییە لەم قسەیە، ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کاتێ دێینە ئەوروپا بەس نییە تەنها ڕۆژهەڵاتی بین؟

من دەمزانی مەبەستی محمدی حاجی زادە ئەوە بو کە بڵێت وەختێ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دێتە ئەوروپا، پێویست وایە خۆی لەگەڵ نەریتی ئەوروپا بگونجێت و فێر ببێت وەک ئەوان بیر بکاتەوە.

ویستم مەبەستەکەی محمدی حاجی زادە بۆ مورتەزا ڕون بکەمەوە نەوەک بە هەڵە لێی تێ بگات و وا بزانێ توانجی تێدەگرێ. ئاغای حاجی زادە دەیەوێ بڵێت مرۆڤی ئێرانی بێزار دەبێ هێندەی لە ئەوروپا هەمیشە هەر ئێرانیانی بژیت ناشتوانێ. )) (پیرباڵ،٢٠١٠: ١٥٨). واتە مەحەمەدی حاجی زادە خۆی کارەکتەرێکی ڕۆژهەڵاتییە دەیەوێت پێمان بڵێت، ئێمەی پەناهەندە ئەگەر بمانەوێت لە ئەوروپا بژین، پێویستە وەک ئەوروپییەکان خۆمان بنوێنینەوە و وەک ئەوان بیربکەینەوە و ڕەفتار بکەین، واتە واز لە کولتور و شێوازی ژیانی ڕابردوی خۆمان بهێنین. بە تێپەڕبونی کات و مانەوەی زۆری لە فەرەنسا مەحەمەدی حاجی زادە لە ئاین و کولتورەکەی دور دەکەوێتەوە و پەیڕەوی لە کولتوری ڕۆژئاوایی دەکات و وەک ئەوان خۆی دەنوێنێتەوە. لەو بارەیەوە فەرهاد دەڵێت: ((دوای ڕابوریی چەند مانگێک لە مۆنتماخت من پێکێک شەرابی مارتینی و محمدی حاجی زادەش بۆ یەکەم جار دیتم داوای بیرەیەکی توبۆرگی کرد.

بیرەی توبۆرگ!

پێم خۆش بو کە دەستی کردوەتە بیرە خواردنەوە. بە تانوتەوە پێم گوت: "بۆ نەخۆشی کلیە باشە")) (پیرباڵ،٢٠١٠: ١١٦). هەروەک دەزانین لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا خواردنەوەی ئەلکهول بە هەمو جۆرەکانیەوە حەرامە لە دیندا، بەڵام مەحەمەدی حاجی زادە کە مەلایەکی ئاینی شیعی بوە لە جیاتی ئەوەی کە بڵێت خواردنەوەی شەراب کارێکی خراپە و مرۆڤ توشی سەرلێشێوان و گومڕایی دەکات، بەپێچەوانەوە بە مەبەستی خۆ گونجاندن لەگەڵ کولتوری کۆمەڵگای ئەوروپی، دەبینین وەک ئەوان ڕەفتار دەکات و خۆی دەنوێنێتەوە.

هەر لە باسی خۆگونجاندنی (مەحەمەدی حاجی زادە) لەگەڵ کولتوری ئەوروپاییدا، فەرهاد باسی ڕوداوێکی دیکەی (مەحەمەدی حاجی زادە)مان بۆ دەکات. دەڵیت ئەو کاتەی کە مەحەمەدی حاجی زادە لە (هوتێل ئەوروپا) کاری دەکرد و لە هۆڵی پێشوازی میوانەکاندا بوە چەند کەسێک لە خەڵکی ئاسیایی عەرەب، ئەفریقی لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکاندا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک هاتونە لە یەکێک لە ژورەکانی هوتێلەکە ماونەتەوە و سێکسیان کردوە. ئەویش پارەیان لێ وەردەگرێت. لێرەدا دەبینین مەحەمەدی حاجی زادە لەگەڵ ئەوەی مەلایە، بەڵام زۆر دڵخۆشە بەو پارەیەی کە دەستی دەکەوێت، کە لە پێدانی ژور بەو کەسە زیناکارانە وەریدەگرێت. واتە لێرەدا مەحەمەدی حاجی زادە وەک کەسێکی ئەوروپایی خۆی دەنوێنێتەوە و ئەم کردەیەی بە لاوە ئاساییە. واتە مەحەمەدی حاجی زادە لە قاڵبی مەلایەتی هاتۆتە دەرێ و ڕوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرخستوە. لەو ژینگە ئازادەدا باشتر خۆی دۆزیوەتەوە و وەک ئەوان خۆی دەنوێنێتەوە. مەحەمەدی حاجی زادە بەوجۆرە لەگەڵ فەرهاد دەدوێت و دەڵێت: ((ئەو کاتەی من لە هوتێلەکە بوم نیوە شەوان زۆربەی جاریش لە دوای سەعات دە و نیوی شەو بەملاوە پیاوێکی دەوڵەمەندی عەرەب یان پیاوێکی ئەفریقی بە شێوازی گشتیش زۆربەی جار ئاسیایی خۆی و ژنێکی سۆزانی نیوەڕوت لە زەنگی دەرگای هۆتێلەکەیان دەدا و دەرگەم لێدەکردنەوە دەهاتن لە بەردەم نوسینگەی پێشوازی هۆتێلەکە داوای ژورێکیان دەکرد بۆ ماوەی تەنیا نیو سەعات یا بۆ ماوەی تەنیا یەک سەعات لەو کاتانەشدا بەو جۆرە میوانانە هەمان نرخی ئاسایی شەوێک مانەوەیان بۆ دو کەس دەدا لەو کاتانەدا بێگومان دەمزانی کە تەنیا نیو سەعات لەناو ژورەکە دەمێنێ پێش وەختە کرێی سێ سەد و پەنجا فرانکم لێ وەردەگرت ئینجا کلیلی ژورەکەم دەدانێ کاتێ ئیشی خۆیان تەواو دەکرد دەهاتنە خوارەوە کلیلەکەیان دەدامەوە دەڕۆیشتن مەحەمەد جی حاجی زادە لە تەلەفۆن دەیگێڕایەوە دەیگوت ئەم نەوعانە زۆر دێن ئەفریقی تورک بە تایبەتی عارەبی دەوڵەمەندی سعودی سوریایی جارێکیان بەحرێنییەک هات حاجی بو دیژداشەیەکی سپی لەبەربو بەو شەوە ژنێکی سۆزانی فەرەنسی لەگەڵ خۆی هێنا بوە بەردەم پێشوازییەکە ئەو دەوڵەمەندە بەحرێنییە ڕەش ڕەش ڕەش ژنە فەرەنسیەکەش دەتگوت پەنیرە سپی سپی سپی مەحەمەدی حاجی زادە لە تەلەفۆن دەیگێڕایەوە هەفتەی بە لای کەمیەوە پێنج شەش کەسی لەم جۆرە دێنە ناو هۆتێلەکە.

-ئەرێ ئەوە کاتێ تۆش هەروا بو؟

شەوی وا هەیە سێ چوار ژور بەم شێوەیە بەکرێ دەدەم بە تایبەتی ڕۆژانی کۆتایی هەفتە هەر عارەبێکی دەوڵەمەندێ ژنێکی سۆزانی بەگەڵ خۆی داوە ژورێک دەگرێت بۆ ماوەی تەنیا بیست دەقیقەیەک جارێک ئێرانییەکیش هاتو ژنێکی سۆزانی عەرەبی لەگەڵ بو دەتگوت ماسیە ... بەینی خۆمان بێ هەمو جارێک سێ سەد و پەنجا فرانک وەردەگرم و ڕێک دەیخەمەوە باخەڵی خۆم)) (پیرباڵ،٢٠١٠: ١٧٩). لێرەدا مەحەمەدی حاجی زادە بە لایەوە ئاساییە پارە بۆ کارێکی وەها وەربگرێت، کە ڕەنگە لەناو ئێران با، ئەو کارەی هەم پێ حەرام بوایە، هەمیش ئیشەکەی، کە مەلایەتی ڕێی پێنەدایە. واتە ئەو ژینگەیەی فەرەنسا کاریگەری لەسەر چۆنیەتی ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو دروست کردوە. بۆیە دەبینین بەلایەوە ئاساییە ئەو کاتەی، کە لەو هوتێلەدا کاری دەکرد، کەسانێک دەهاتن، بە بەرچاوی ئەوەوە ڕایان دەبوارد و زینایان دەکرد، کەچی ئەو گوێی بەوە نەداوە، بەڵکو لە بەرامبەردا ئەو زیاتر دەستکەوتنی پارە و سودە ماددییەکەی بەلاوە مەبەست بوە. بۆیە باسی ئەو سود و قازانجە دەکات، کە لەو کەسانەوە دەستی دەکەوێت، کە دێن ئەم کارە حەرامە ئەنجام دەدەن.کەواتە مەحەمەدی حاجی زادە کەوتۆتە ژێر کولتوری ئەوروپا و وەک کەسێکی ئەوروپی خۆی دەنوێنێتەوە و وەک ئەوان بیر دەکاتەوە و دەژییەت.

هەر لەو ڕوانگەیەی زۆرێک لە پەناهەندەکان دەکەونە ژێر کاریگەری کولتوری ڕۆژئاوایی، لە ڕۆمانی (پیاوێک لە حەمامی جوەکان)دا، یەکێک لە پەناهەندە کوردەکان باسی ڕوداوێکمان بۆ دەکات، ئەویش ئەوەیە لە وڵاتی نەرویج لە هەفتەیەکدا چەند جارێک دەچون بۆ حەمامێک کە تیایدا کردەی نێربازی تێدا ئەنجام دەدرا. ئەو پەناهەندە کوردەش ئەو کردەیەی ئەنجامداوە. لێرەدا دەبینین ئەمە جۆرە خۆنواندنەوەیەکە هاوشێوەی ئەوروپییەکانە. واتە ئەمە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی بێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردی ئەمە شتێکی ڕێگەپێدراو نییە و تاکی کوردی ئەو جۆرە ڕەفتارە ناکات و وەک ئەوروپییەکان خۆی نانوێنێتەوە، بەڵام دەبینین ئەو پەناهەندە کوردە لە ئەوروپا بەو جۆرە خۆی دەنوێنێتەوە دەڵێت: ((شەوی شەممەیە لەگەڵ چەتۆ دیسان دەڕۆینەوە بۆ حەمامەکە وەک جاران بێز لە چون بۆ حەمامەکە ناکەمەوە لە ڕاستیدا شتێکی تایبەت لە ناخمدا پاڵی پێوە دەنام بۆ ئەوەی بڕۆمەوە بۆ ئەویٚ

چەتۆ، وەک ئەوەی بزانیٚ من ئیتر شەرمم شکاوە، لەگەڵ وەرگرتنی بلیتی حەمامەکە پێی گوتم:

- ئەگەر خاوەن حەمامەکە بگێی ئەتوانی پارە نەدەی. خاوەن حەمامەکە سەیرێکی کردم، چاوی هەندێک بچوک کردەوە و بە چاوەکانی دیار بو چاوەڕێی وەڵامی منە، بیٚ ئەوەی یەک و شەو بڵێم، چەتۆ گوتی:

- گانیک بە دو بلیت.

پیاوەکە سەری بە ئاماژەی باشە ڕاوەشاند، بیٚ دو دڵی. چەتۆ بە قادرمەکانا چوە خوار. لەگەڵ خاوەن حەمامەکە کە دواتر زانیم جویەکی نەرویجییە. پێکەوە چوینە ژورەکەی خۆی. بیٚ ئەوەی قسە بکەین، خۆی ڕوت کردەوە و لەسەر مێزی ژورەکەی لەسەر دەم ڕاکشا.))(هۆشیار، ٢٠١٨: ١٢٧)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەردو کارەکتەرە پەناهەندە کوردەکە، وەک ئەوروپییەکان خۆیان دەنوێننەوە. ئەوانیش بە هەمان شێوە بەلایەنەوە ئاساییە کە کاری نێربازی ئەنجام دەدەن. ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە پەناهەندە کوردەکە لە هەمو ڕویەکەوە دڵنیا بو، کە ئازادە لەو وڵاتەدا. دەبینین دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتوری ئەوروپایی و فێری کارێک دەبێت کە لەگەڵ دین و کولتوری کۆمەڵگای خۆیدا ناگونجێت. واتە وەک ئەوروپییەکان خۆیان دەنوێننەوە و ڕەفتار دەکەن.

هەر لەبارەی کاریگەری کولتوری ڕۆژئاوایی، (شکۆ) کە پەناهەندەیەکی کوردی ناو ڕۆمانی (دواوێستگەم باکورە) و لە کەنەدا دەژیت، ئەویش کەوتۆتە ژێر هەژمون و کولتوری ڕۆژئاوایی. دەبینین شکۆ لە یەکێک لە دیدارەکاندا لەگەڵ ئافرەتێک تەوقە دەکات. ((شکۆ... هێشتا قاوەکەی تەواو نەکردبو ئافرەتێکی باریکەڵەی باڵابەرز بو لەو وڵاتە پێشکەوتوانە زۆر جار تەمەنی هەندیٚ کەس لە خۆی بچوکتر دیارە شکۆ ئەو ئافرەتەی بە دەوری سی ساڵ مەزەندە کرد. یەکسەر چوە سەر مێزەکەی ئەو تەوقەیان کرد دوای تەوقەکە، ئافرەتەکە گوتی:

ڕاستە دەڵێن هەندێک پیاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەوقە لەگەڵ ئافرەت ناکەن؟

- بەڵیٚ پیاو و ئافرتە توندڕەوەکان)) (بەرزنجی، ٢٠١٨: ١٣٣-١٣٤). لێرەدا دەبینین شکۆ کە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتییە وەک کەسێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە و کەوتوەتە ژێر کاریگەری کولتوری ڕۆژئاوا، چونکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا و بەتایبەتیش لە وڵاتە موسڵمانەکاندا تەوقەکردن لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێی نامەحرەم حەرامە و ڕێگە پێدراو نییە. واتە پیاو نابێت دەستی بەردەستی ئافرەتێکی نامەحرەم بکەوێت، چونکە لە دینی ئیسلامدا سزای قورسی لەسەرە. کەچی شکۆ خۆی

بە کەسێکی نەرم و میانڕەو و ڕۆشنبیر نیشان دەدات و وەک تاکێکی ڕۆژئاوایی خۆی دەنوێنێتەوە، لە بەرامبەردا ئەوانەی کە بەهۆی پابەندییان بە دینەوە تەوقە لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەن، پێی وایە کەسانی توندڕەو و ترسناکن.

**بیروباوەڕ و بەهاکان:** بیروباوەڕی ڕۆحی و تێڕوانینی ئەخلاقی و فەلسەفی و بیروباوەڕی ئاینییەکان بەشدارن لە هەستکردن بە خودی مرۆڤ.

ئەگەر سەرنج بدەین لە هەردو جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا لەهەندێک شتدا بیرکردنەوە و دنیابینیان وەک یەکە. بۆ نمونە کاتێک مرۆڤەکان نەیانتوانی درک بە نهێنی ئەودیوی شتەکان بکەن، ئەوە پەنایان بۆ شتی ئاینی و ئەفسانەیی بردوە، بۆ نمونە لە کۆندا گوتویانە ئەو خانوە جنی تێدایە، یان ئەو ماڵە سیحری لێ کراوە، دەبینین بۆ خۆ دزینەوە لە هەقیقەتی شتەکان پەنایان بۆ ئەوجۆرە بیرکردنەوانە بردوە، واتە تاڕادەیەک جۆرێک لە هاوبەشی لە شێوازی بیرکردنەوە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە، بە واتایەکی دیکە مرۆڤەکان ئەگەر نەیانتوانیبێت بەشێوەیەکی زانستی بنکۆڵی بابەت و ڕوداوەکان بکەن، ئەوا بە ناچاری پەنایان بۆ کۆمەڵێک بابەتی ئەفسانەیی بردوە، (دارا) کە پەناهەندەیەکی کوردی نێو ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلایە) دەیەوێت خاڵی لێکچو لە نێوان کۆمەڵگای ئەوروپی و کۆمەڵگای کوردیی نیشان بدات، کە ئەوروپییەکانیش بە هەمان شێوە لە هەندێک شتدا وەک خەڵکی کوردستان بیردەکەنەوە. لە هەردو کۆمەڵگادا پێیان وایە مەسەلەی هەبونی جن و سیحر لە خانودا بونیان هەیە. واتە ئەمە پەیوەندی بە باوەڕی ئەفسانەیی کۆنەوە هەیە. دوای ئەوەی (دارا) کە بە دوای (ڤینۆس)ی خۆشەویستەکەیەوە وێڵە، دەچێت بۆ شارۆچکەی سانتیاگۆ لە ئیسپانیا بۆ ئەو ناونیشانەی کە ڤینۆس پێی داوە. لەوێ لە دەرگای خانوی ئەو ناونیشانە دەدات، بەڵام کەس دەرگای لێ ناکاتەوە. دوای مانەوەی چەند ڕۆژێک لەو شارۆچکەیە، لەوێ لەگەڵ یەکێک لە کەسەکانی سانتیاگۆ ئاشنا دەبێت و لە یەکێک لە بارەکان دادەنیشن و دارا چیرۆکی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە چ هۆکارێک ئەوی هێناوە بۆ ئێرە و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن چوە لە دەرگای ئەو ماڵەی داوە، بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردوەتەوە. کارەکتەرە ئەوروپییەکە کە ئاشنای دارا بو بەوجۆرە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: ((ئەم خانوە شومە شوم، ئنجا درێژەی پێدا گوتی بە گوێی مامی خۆت دەکەی جارێکی دیکە هەرگیز لە زەنگی ئەو دەرگایە نادەیتەوە.

من وەک منداڵێک لە دایکی خۆی بزر بوبێت سەرگەردان خەریکبو بگریم.

لالۆش بە ئاوازێکی پڕ لاوانەوە ئامۆژگاری دەکردم ناوبانگی شومی ئەم خانوە نەک هەر تەنیا لە گەرەکی ئێمە، بەڵکو لە هەمو سانتیاگۆ ئاشکرایە بێ ئەوەی بمەوێ لە لالۆ بپرسم تۆ چەند ساڵە لەم شارە دەژیت. پەنجا و یەک ساڵە هەمو خەڵکی ئێرە چیرۆکی ئەفسوناوی ئەم خانوە دەزانن تەنانەت وای لێهاتوە کە خەڵک کاتێک گەنجی وەک تۆ دێن و دەپرسن ئەرێ فڵان ماڵ بۆ لەوێ نین؟ و فڵان کەس لە کوێیە؟ ئیتر وەڵامیان نادەنەوە، چونکە دەزانن ئیتر ئەو گەنجە خۆی لە کۆتاییدا ماندو دەبێت و دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتوە لە دڵی خۆمدا دەمگوت بەڵام من لە خۆمەوە نەهاتوم ڤینۆس پێی گوتوم بێم بۆ ئێرە پەیوەندی من بەم حەکایەتەوە چییە؟ زۆر کەس واتێ دەگەن کە ئەم خانوە ئەجندەی لێ بێت یان هیچ نەبێ سیحری لێ کرابێ.

من کاتی خۆی لە هەڵەبجە مێرمنداڵ بوم زۆر لەم جۆرە قسانەم لە پرو پیرەژنەکانی لای خۆمان بیستبو کە فڵانە شوێن ئەجندەی لێیە و فیسارە ماڵ سیحری لێکراوە ئەمە یەکەم جار بو لەوەتەی لە ئەوروپا بوم ئەم جۆرە قسانە ببیستمەوە زۆرم لەلا سەیر بو هەندێک کەسی دیکەش پێیان وایە کە ئەم پیرێژنە خۆی سیحرباز بێ من واقم وڕما بو بیرم دەکردەوە

سەیرە لالۆ زۆر بە بایەخەوە بۆ دڵ و عەقڵم دەدوا. پێمبڵێ ئەمە چەندەمین جارە تۆ دەچی لەبەر دەرگای ئەو ماڵە دەدەی؟ من فریای تێگەیشتن لە قسەکانی لالۆ نەدەکەوتم وتم دوەمین جارە خەڵک دەڵێن تەنیا لە سێیەمین جاری لە دەرگا داندا ڕێگە دەدات بچیتە ژورەوە.

- بۆ کە دەچیتە ژورەوە ئیتر نایەیتە دەرەوە؟

- خەڵک وا دەڵێن من سەرم سوڕما نەم دەتوانی باوەڕ بەم قسانە بێنم ئەمە خورافاتە چۆن؟

لالۆ لە سەرەتای ئەم باسەوە هەستم دەکرد ئامۆژگاریم بکا من خۆم دیومە نیوە شەوان سیسارک و داڵی برسی پۆل پۆل هاتون ماوەیەک بە سەر خانوەکە سوڕاونەتەوە پاشان بە قیرەقیری سامناک خۆیانەوە دابەزیونەتە ناو حەوشەکە کەلاکی بۆگەنیوی ناو ماڵەکەیان هەڵگرتوە و لە ئاسمانەوە فڕێیان داوەتەوە ناو حەوشە.

- تۆ خۆت ئەمەت دیوە؟

- بەڵێ من خۆم دیومە.

- بە شەو ؟

- بەڵێ بە شەو. نیوە شەوێک درەنگ لەم بارەوە هەستاوم بەوێدا تێپەڕ بوم، بە چاوی خۆم ئەمەم بینی.

- پۆلیس قەت نەچوەتە ئەم ماڵە و سۆراغی ئەم دیاردەیە بکا؟

- پۆلیس گاڵتەیان بەم قسانە دێت!

- بۆچی؟

- پۆلیس دەڵێن "خورافاتە"

- چۆن خورافاتە.

- باوەڕناکەن؛ دەڵێن خورافاتە.)) (پیرباڵ،٢٠٠٢: ١٠٨-١٠٩). ئەگەر سەرنج بدەین لەم گفتوگۆیەی نێوان ئەم کەسە ئیسپانییە لەگەڵ دارا کە خەڵکی کوردستانە و پەناهەندەیەکی کوردە بۆمان دەردەکەوێت کە لێکچونێکی زۆر هەیە لەشێوازی بیرکردنەوەی میللەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا. ئەمە تاڕادەیەک بیروباوەڕێکی ئەفسانەییە واتا زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە مرۆڤ تا ئێستا نەیتوانیوە پەی بە شتەکان بەرێ و عەقڵێکی سەرەتایی هەیە، بۆیە دەبینین پەنای بۆ ئەو شتانە بردوە تاڕادەیەک دەتوانرێ بگوترێت ئەو جۆرە بیرکردنەوانە، بۆ ئەوە بوە تا خۆیان دەرباز بکەن لە ترس و دڵەڕاوکێ و ...هتد، چونکە پێیان وا بوە کە ئەمە شتێکە پەیوەندی بە جن و ئەو شتە خورافییانەوە هەیە.

بێگومان هۆکارە کولتوری کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر دەرون و ژیانی تاک هەیە، ئەمەش وادەکات مرۆڤ زیاتر و باشتر خۆی بناسێت. هەروەک چۆن دەبینین کاتێک مەحەمەدی حاجی زادە لە وڵاتی خۆی مەلا بوە و پەیامی دینی بڵاوکردوەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە لە فەرەنسا دەگیرسێتەوە، بەهۆی ئەو ژینگە ئازادەی فەرەنسا، دەبێتە کەسێکی هاوڕەگەزباز(هۆمۆسێکسوەڵ). ئەمەش زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەو فەزا کولتوری و نەریتە کۆمەڵایەتییەی، کە لە فەرەنسا

هەیە وایکردوە باشتر خۆی بناسێت. دوای ئەوەی پەناهەندە کوردەکان دەزانن، کە مەحەمەدی حاجی زادە بوەتە هاورەگەزباز، بەم جۆرە لەلایەن پەناهەندەکانەوە گفتوگۆ لەبارەیەوە دەکەن. هەریەکێک لە پەناهەندەکان بەم جۆرە ڕای خۆیان دەربارەی مەحەمەدی حاجی زادە دەردەبڕن و دەڵێن: ((قەناعەت و ژیانی خۆیەتی تۆ کارت بەسەریەوە چییە.. ئەرشەد؟ پشتیوان ئەمەی بە ئەرشەد گوت.

-باشە.. بەڵام مەلا با چیتر مزایەدەی دینی ئیسلام و ڕەوشتی و ئەم شتانەمان بە سەرەوە نەکا. تۆ بە بیرتە جاران چیی دەگوت؟ بەبیرتە جاران چ مزایەدەیەکی ڕەوشتی و دینی ئیسلامی بە سەر ئێمەوە دەکرد؟!

- وایە

- بەبیرتە جارێک بە تورەییەوە گوتی: "پاراستنی کولتور و ڕەوشتی ئیسلام ئەمڕۆ لە نوێژ و ڕۆژو زۆر گرینگترە بۆ ئێمەی موسڵمان"

- جاران جاران بو. هەر کەسێک لە هەر قۆناغێکدا شتێکە؛ پاشان گۆڕانی بە سەردا دێ. ئەوروپا ئەوهایە ئیتر، فریشتەیەک لە ماوەی چەند ساڵێک دەکاتە ئیبلیس؛ ئیبلیسێکیش بە پێچەوانەوە دەکاتە فریشتە. تۆ پێش ئەوەی بێیتە پاریس ئایا ئەمە بوی کە ئێستا هەیت؟!

ئەم قسانەی کە پشتیوان بە ئەرشەدی گوت، زۆر ڕاست بو: محەمەدی حاجی زادە جاران، واتە سێ چوار ساڵێک پێشتر پیاوێکی زۆر داخراو پابەندی نەریت و دین و ڕەوشتی گشتی؛ بەڵام وردە وردە منیش هەستم پێ دەکرد - باری قورسی ژیانی پەناهەندەیی و تەنیایی و دەسکورتی، ئنجاش نەبونی ناسنامە و وەرنەگرتنی ئیقامە، ئەوی توشی پاشاگەردانییەکی ڕۆحی زۆر گەورە کردبو.. ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئەوی لە زۆر ڕوەوە گۆڕیبو.

مەحەمەد حاجی زادەی ئێوارەیە کە لە قاوەخانەی (پلەس کلیشی) پێکەوە دانیشتبوین، لای من بۆ یەکەمین جار دانی بە واقیعەکەدا هێنا، گوتی: "ڕاستە"

- گوتم: بە ڕاست؟

-گوتی: ئەی چی بکەم؟))(پیرباڵ، ٢٠١٠: ١٠٧).دەبینین هەر یەکێک لە پەناهەندەکان بە شێوازێکی جیاواز خۆیان دەنوێننەوە. بۆ نمونە پشتیوان کە پەناهەندەیەکی کوردە دەڵێت ئەوە قەناعەت و بیرکردنەوەی خۆیەتی. واتە پشتیوان وەک کەسێکی ئەوروپایی خۆی دەنوێنێتەوە. دەڵێ ئێمە نابێت هەقمان بەسەریەوە هەبێت، ئەوە ژیانی خۆیەتی. لە بەرامبەردا ئەرشەد کە پەناهەندەیەکی دیکەی کوردە وەک تاکێکی ڕۆژهەڵاتی بیر دەکاتەوە و خۆی دەنوێنێتەوە. ئەم کارەی مەحەمدی حاجی زادە وەک مەلا بە نارەوا و لادان لە کولتوری تاکی ڕۆژهەڵاتی ئەژمار دەکات. لێرەدا قسە لەوەیە کە مەحەمەدی حاجی زادە بە هۆی کاریگەری نەریت و کولتوری وڵاتی فەرەنساوە دەبینین وەک تاکێکی ئەوروپایی خۆی دەنوێنێتەوە، چونکە لە کولتوری ئەواندا بابەتی نێربازی کردەیەکی ئاساییە و مرۆڤ ئازادە چۆن مومارەسەی غەریزەکانی خۆی دەکات.

لای هەمو نەتەوەکانی جیهان بابەتی خۆشەویستی ڕاستەقینە و وەفا و ڕاستگۆیی...هتد بەها و نەریتێکی هاوبەشە و بابەتێکی ویستراو و پەسەندە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا. واتە هەمو تاکەکانی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بە بابەتێکی مۆراڵی و سەرنجڕاکێشی دادەنێن. چونکە لە پەیوەندی خۆشەویستیدا هەردو کەسەکە ((یەکتر وەک ئەوەی کە هەن قبوڵ دەکەن

و لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتییاندا ڕێز لە جیاوازی یەکتر دەگرن، چونکە ئامانجی ئەوان هەر تەنیا گەیشتن نییە بە جەستەی یەکتر، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان بریتییە لە گەیشتنەوە بە خۆیان لە ڕێگەی ئەوی ترەوە))(سیوەیلی، ٢٠٠٤: ٣٦).

هەروەک دەبینین (ئاوڕەنگ) کە پەناهەندەیەکی کوردە، ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی عەشق ئەو زمانە هاوبەشەیە، کە لە هەمو زمانەکانی دیکە جوانتر و پیرۆزترە. وڵاتی عەشق ئەو سەرزەمینەیە کە هەمو مرۆڤەکان دەتوانن بە خۆشبەختی تێیدا بژین. پێی وایە ((زمانی عەشق لە هەمو زمانەکانی تری گەردون جوانترە عەشق ئەو جوگرافیایەیە کە هەمو مرۆڤایەتی دەتوانێ بە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی لەسەری بژێت)) (خەلیل، ٢٠٠٧: ١٧٤). کەواتە عەشقی ڕاستەقینە پەیوەندییەکی ڕۆحییە لەنێوان دو مەعشوقدا، کە پەیوەستە بە دڵەوە، واتە خۆشەویستی پەیوەندییەکی توندتۆڵی نێوان دو مرۆڤە. هەروەکو ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەی کە لەنێوان ئاورەنگ و ئۆلگادا هەبو. هەروەها ئۆلگا کە کارەکتەرێکی ڕۆژئاواییە دەڵێت: ((ئاوڕەنگی من غەریبیت دەکەم، غەریبیت دەکەم، خۆ ئەوە غەریبی کردن نییە، بەڵکو بەڵایەکە بۆ خۆی، کە من بەرامبەر بە تۆ هەمە. بە قەدەر ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمانی وڵاتەکەت لە شەوانی ساماندا خۆشم دەوێی. هێندەی خۆم نا، زیاتر لە ڕۆحی خۆم دەتپەرستم و خۆشم دەوێی، ئێوارە کە لە کار دەگەڕێیتەوە نان نەخۆی، شەرابی سورم بۆ هێناوی ڤۆدگای گۆربادتچۆڤ و ڕاکیم بۆ هێناوی "لەزانیات" بۆ ئامادە دەکەم چاوەڕێتم چاوەڕوانییەکی ئەبەدی چاوەڕوانم پادشا ڕۆژهەڵاتییەکەی خۆم)) (خەلیل، ٢٠٠٧: ١٣٨). هەر لە بارەی بە ئەرزشی عەشقەوە ئاوڕەنگ دەڵێت: ((هیچ شتێک بە قەدەر عەشق گرنگ و بە بەها نییە. من باوەرم وایە ئەو شتە تاقانەی کە لە عەشقی پاکدا وجودی نەبێ پارەیە. هەمو شتێک لە دنیادا بە پارە بکڕدرێ و بفرۆشێت عەشق بە پارە ناکردرێ و نافرۆشێ. چونکە کاتێ مرۆڤ تەواو عاشق دەبێ لە شوێن زەمەنێکی سەروی ئەو شوێن زەمەنەی ئێمە دەژی، کە لەوێ پارە بونی نییە مرۆڤی عاشق مرۆڤی بان سروشتین و لە مرۆڤی ئەو زەمینەی ئێمە ناچن.))(خەلیل، ٢٠٠٧: ١٣١)، لێرەدا دەبینین ئاورەنگ بەهەمان شێوەی ئۆلگا خۆی دەنوێنێتەوە و پێی وایە عەشق گرنگی و بەهایەکی ڕۆحی زۆری هەیە. کە ئەم جۆرە گرنگی پێدانە یەکێکە لە بەها باڵاکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

خۆشەویستی ڕاستەقینە سنور و ئاین و کولتور و نەتەوەی جیاواز ناناسێت، واتە خۆشەویستی ڕاستەقینە ((سنور بەزێنی هەمو بیر و فەرهەنگ و زمانێکی مرۆڤە))(ئەحمەد، ١٧: ٢٠٢١). دەبینین لە ڕۆمانی (ئیلشا)دا پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان (ئیلشا و ئاوا) کە(دو کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانی ئیلشا)ن دروست دەبێت. ئیلیشا کە پەناهەندەیەکی کوردە و نەخۆش کەوتوە و سەر و سیمایەکی ناشیرینی هەیە و بە ئاین موسڵمانە. لە بەرامبەردا ئاوا کارەکتەرێکی ئەڵمانییە و سیمایەکی شۆخ و شەنگ و جوانی هەیە و بە ئاین مەسیحییە. ڕۆماننوس لەسەر زاری دکتۆرێکی ئەڵمانییەوە باسی خۆشەویستی نێوان ئەو پەناهەندە کوردە و ئەو کچە ئەڵمانییەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((لە ژێر چاویلکە شوشەییە ڕونەکەیدا لە جوانی و بەژن و باڵای ئاوا ڕادەما و سەیری بەو پەیوەندییە دەهات کە کچێکی وەها شۆخ لەگەڵ پەنابەرێکی نەخۆشدا هەیبو. بۆیە کە خودا حافیزی لێ دەکات بە پێکەنین و پلارێکی ژیرانەوە پێی دەڵێت کچی جوان من لێرە بەدواوە ئیتر باوەڕ بە قودرەت و نهێنی قوڵی ئەوین دەهێنم))(مەسیفی، ٢٠١٥: ٢٣٥). دواتر دکتۆرەکە سەرسامی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە توانا و هێزی عەشق و ئەوین، دەڵێت: ((من سەرسامم بەو ئەوینەی کە لەنێوانتاندا هەیە، بەڵام ئەفسوس من لە تەمەنمدا دەبم بە شایەدی یەک چیرۆکی ئەوین ئەویش کورتترین و خەمناکترینە.))(مەسیفی، ٢٠١٥: ٢٣٥). عەشقی ڕاستەقینە و وەفا، مەسەلەیەکی لێکچو و هاوبەشە لە ناو نەتەوە جیاوازەکانی دنیادا، واتە عەشق و خۆشەویستی ئەو زمانە هاوبەشەیە، یاخود ئەو ناسنامە هاوبەشەیە، کە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا بونی هەیە. هەر لەو بارەیەوە یەکێک لە کارەکتەرەکانی

ناو ڕۆمانی (هەنار و فریشتەی مردن)دا کە بە ڕەگەز یۆنانییە دەڵێت: ((سێکس و خۆشەویستی ڕەگەز و نەتەوە و ئاین ناناسێت))(مەحەمەد، ٢٠١٨: ٢٢). واتە دەبینین هەم ڕۆژئاواییەکان، هەم پەناهەندەکان بەم جۆرە بە چاوێکی پیرۆزەوە لە عاشق و خۆشەویستی دەڕوانن.

**داب و نەریت:** داب و نەریتەکان بریتین لە بیروباوەڕ و بۆنە و ئاهەنگ و ڕێوڕەسم و...هتد کە لەناو کولتور، گروپێک، یان کۆمەڵگایەکدا بەدرێژایی نەوەکان دەگوازرێنەوە. یارمەتی پاراستنی ناسنامە و مێژو و بەهاکانی کۆمەڵگایەک دەدەن و زۆرجار پەیوەستن بە جەژن و ڕێوڕەسمەکانی و ڕوداوە گرنگەکانی ترەوە.

داب و نەریتەکان بە تێپەڕبونی کات پەرەدەسەنن، بەڵام بە قوڵی لە ناسنامەی کولتوریدا ڕەگیان داکوتاوە، مرۆڤەکان بە میراتەکانیانەوە دەبەستنەوە.

یەکێک لە داب و نەریتەکان لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا ئەوەیە، کە ئەوروپییەکان دۆستایەتی لەگەڵ ئاژەڵەکانی وەک سەگ، پشیلە ...هتد دەکەن و لە ماڵەکانیان رایاندەگرن و وەک کەسێکی نزیک و دڵسۆزی خۆیان لێیان دەڕوانن. بۆ نمونە گۆنیللا کە کارەکتەرێکی سویدییە بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ پشیلەکەی خۆی دەکات و نازی دەکێشێت و قسەی بۆ دەکات، گۆنیللا ((هێشتا هەر لە بەردەم پشیلە ڕەشەکەدا بو، لە قەفەسی ژمارە سیانزە، دیار بو پسکە پسکەکەی لەگەڵ پشیلەکەدا تەواو نەبوبو ،تەنها ئەوکاتە وەستا کە سڵاوی لە شاشتین کرد و لێگەڕا پشیلەکە بە ئارامی نانەکەی بخوات دوای شاشتین ئەو ژورەم جێهێشت نەمزانی گۆنیلا لەگەڵ منی بو یان قسەی بۆ پشیلە ڕەشەکە دەکرد " ئەوەی ڕقی لە پشیلە بێ لەو دنیایە خوا بەمشک خەڵقی دەکات" ))(قادر، ٢٠٢١ب: ١٩). ئەمە لە نەریتی ڕۆژهەڵاتیدا بونی نییە. یان ئەگەر هەشبێت بەڕێژەیەکی زۆر کەمە. واتە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی دۆستایەتی ئاژەڵ ناکەن و لە ماڵەکانیاندا بەخێوی ناکەن.کەچی فریشتە کە پەناهەندەیەکی فارسە و لە سوید دەژیت، ڕۆژێک دەچێتە شوێنێک بە ناوی ماڵی پشیلەکان، کە لەو شوێنە پشیلەی لێ بەخێو دەکرێت. لەوێ فریشتە ((زو قەفەسەکەی زیبای دۆزییەوە و لە بەردەمیدا وەستا.

" سلام زیبا جون، چطوری؟ "

فریشتە دەرگای قەفەسەکەی کردەوە و زیبای دەرهێنا و خستییە باوەشی. ئاگام لە جوڵەی دڵخۆشانەی کلکی زیبا بو لەژێر دەستپیاهێنانەکانی فریشتەدا بە ئەستەمێک گوێم لە مرەیەکی تێکەڵ لە ناز و خۆشی لەو دیوی سیما ماتەمەکەی زیباوە بو. فریشتە سەری زیبای بەرز کردەوە و ماچێکی کرد دواتر خستییەوە باوەشی و ئەوسا دەنگی هەنسکەکانی فریشتەم هاتە بەرگوێ.))(قادر، ٢٠٢١ب: ٣٥). لێرەدا فریشتە کە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتییە بەهەمان شێوەی خەڵکی وڵاتی سوید ڕەفتار دەکات و خۆی دەنوێنێتەوە. لەوەی کە وەک ئەوان پشیلە بەخێودەکات، قسەی لەگەڵ دەکات و لەئامێزی دەگرێت و نازیان دەکێشێت. بە هەمان شێوە سویدییەکانیش بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ پشیلەکانیان دەکەن. هەروەک گوتمان لە نەریتی ڕۆژئاوادا بەخێوکردنی ئاژەڵەکانی وەک سەگ و پشیلە ئاساییە، بەڵام لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەخێوکردنی ئەو جۆرە ئاژەڵانە تاڕادەیەک ئاسایی نییە.

**زمان:** توخمێکی چارەنوسسازە لە ناسنامەی کولتوریدا، زمان یارمەتیدەرە بۆ دەربڕینی بەها و جیهانبینییە هاوبەشەکان. هەروەها ئەو زمانەی کەسێک قسەی پێدەکات، نیشانەدەرێکی بەرچاوە بۆ ناسنامەی کولتوری، کاریگەری لەسەر شێوازەکانی پەیوەندیکردن، پرۆسەی بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

بەهۆی ئەوەی زمان بەشێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەییە. دەبینین گوڵ مەحەمەد کە پەناهەندەیەکی کوردە لە سوید. کاتێک دەیەوێت یادەوەرییەکانی خۆی بۆ ڕۆماننوس گۆستاڤ کە کارەکتەرێکی سویدییە بگێڕێتەوە. گوڵ مەحەمەد داوا لە گۆستاڤ دەکات کە ڕێگەی بدات بە زمانی خۆی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، چونکە بە هۆی زمانی دایکییەوە باشتر دەتوانێت گوزارشت لە بیرکردنەوە و گێڕانەوەی روداوەکان بکات. هەروەها زمان کاریگەری لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بۆیە دەڵێت: ((هەر زو بە گۆستاڤم گوت "من جگە لە هەڵبژاردنی زمانی کوردی بۆ گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە، بیر لەوە ناکەمەوە بە زمانی سویدی بیاننوسمەوە، چونکە زمانی کوردی هەڵگری هەمو خەیاڵاتی روداو و بەسەرهاتەکانی ناو ژیانی منن "دەمگوت" ڕێم بدە با لە ڕێی زمانی خۆمەوە خۆم لە مەنفای وڵاتەکەی تۆ و مەنفای بیرکردنەوە لە ناو زمانەکەی تۆدا ڕزگار بکەم))(قادر، ٢٠٢١: ٤٦). گوڵ مەحەمەد دان بەوە دادەنێت کە تەنیا لە ڕێگەی زمانی خۆیەوە دەتوانێت هەمو خەیاڵات و بیرکردنەوەکانی خۆی زۆر بە وردی دەربیرێت. گوستاڤیش کە کارەکتەرێکی ڕۆژئاواییە دان بە توانا و هێزی زمانی دایک دەنێت. ڕێگە بە گوڵ مەحەمەد دەدات بە زمانی خۆی گوزارشت لە هەست و بۆچونەکانی خۆی بکات و دەڵێت: ((گوڵ موحەمەد کاتێک تۆ بە زمانەکەی خۆت دەگریت هەست دەکەم زۆرتر لە خۆت نزیک بیتەوە؟ "دەمگوت، ڕاستە منیش پێم وایە لەو کاتانەدا زۆر نزیکی خۆمم" ئەویش دەیگوت، "کە وایە هەرگیز بە زمانێکی تر مەگری و مەقیژێنە بە زمانەکەی خوت نەبێت. چونکە پێدەچێت ئەو زمانەی تۆ مێژویەکی دورودرێژی لەگەڵ گریاندا هەبێت. بۆ ئەوەی زوتریش خۆت بدۆزیتەوە و دەستی خۆت بگریت بە هەمان ئەو زمانە کە تورە دەبی جوێن بدە تەنانەت بە هەمان ئەو زمانەش لەگەڵ کچە سویدییەکاندا سێکس بکە.))(قادر، ٢٠٢١ : ٤٨).واتە گوستاڤ لێرەدا لەگەڵ گوڵ مەحەمەد سەبارەت بە گرنگی و توانای زمانی دایک وەکو یەکتر بیردەکەنەوە و وەکو یەکتر خۆیان دەنوێننەوە. گوستاڤ هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ((چونکە بەو کوردییە بەسەرهاتەکان دەگێڕیتەوە من گوێ لە تۆن و هەناسەت دەگرم پڕ دەبم لە کونجکۆڵی لە دڵی خۆمدا دەڵێم دەبێت ئەو ڕستانە چ مانا و بەسەرهات گەلێکی سەیر بگێڕنەوە لە هەمان کاتیشدا تێدەگەم زمان چەندە توانای هەڵگرتنی وێنەی بەسەرهات و گێڕانەوەکانی هەیە هەر زمانە و بە جیا بۆ خۆی وەک قیبلەنمایەک بەرەو یەک ئاراستەمان دەبات)) (قادر، ٢٠٢١: ٤٨).واتە ئەمە هەستێکی هاوبەشە، هەمو تاکێک سەر بە هەر نەتەوەیەک بێت بە زمانی خۆیان باشتر دەتوانن گوزارشت لە هەستی خۆیان بکەن. هەم پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکە و هەم کارەکتەرە ئەوروپییەکە بەو شێوەیە لە گرنگی زمان دەڕوانن و هەردوکیان پێیان وایە کە بە هۆی زمانی دایکەوە، مرۆڤ باشتر دەتوانێت گوزارشت لە هەست و بیرکردنەوەکانی خۆی بکات و ئاسودەتر دەتوانێت چی مەبەستە بیگەیەنیت. واتە لێرەدا گوڵ مەحەمەد وەک تاکێکی ئەوروپی خۆی دەنوێنێتەوە.

**ناسنامەی مێژویی:** ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن و پێناسەکردنی تاکەکان، گروپەکان، یان نەتەوەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕابردویاندا. هەستکردنە بە ناسنامە، کە مێژو لە قاڵب دەدات، چیرۆک و دەستکەوت و خەبات و بەها و ئەزمونی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێشتر هاتون. ئەمە دەتوانێت ناسنامەی کولتوری، یان نەتەوەیی لەخۆبگرێت کە لە ڕوداوە مێژوییە هاوبەشەکان، نەریت و یادەوەرییە بەکۆمەڵەکاندا دامەزراون.

ئەگەر سەرنج بدەین ئێمەی نەتەوەی کورد بە هەمان شێوەی جوەکان لە ژیانێکی سەختدا ژیاوین. بەهەمان شێوەی ئەوان لەلایەن دەسەڵاتدارەکان و وڵاتانی سەردەستەوە، لەژێر پاساوەکانی وەک سیاسەت و دین و ...هتد ڕوبەڕوی کوشتن و زیندانیکردن و دورخستنەوە لە زێدی خۆمانەوە کراوینەتەوە. بە هەمان شێوە ئێمەش وەک جولەکەکان مێژویەکی تاڵی هاوبەشمان هەیە و بە هەمان شێوەی ئەوان بەردەوام لە ژیانێکی سەختدا ژیاوین، هەروەک میسیۆلوسییانە کە کارەکتەرێکی

جولەکەی فەرەنسییە، لەبارەی ئەو زوڵمەی کە لێیان کراوە وەک نەتەوە و بە فەرهاد کە پەناهەندەیەکی کوردە، دەڵێت:((-شتێکی دیکەشت پێ بڵێم: بەشێکی زۆر لە جولەکەکانی پورتوگاڵیش (ئەو وڵاتەی کە من تێیدا لە دایک بوم) بە ئەسڵ مەغرییین، بریتین لەو جولەکانەی کە لە دەست زوڵمی ڕژێمی ئیسلامی مەغریبی وەختی خۆی پەنایان بردوەتە بەر پرتوگاڵ، هەندێکی دیکەش ئەو جولەکانەن کە لە دەست نازییەکانی ئەڵمانیا ڕایان کردوەتە پرتوگاڵ.

-مسیۆ لوسیانە دەیگوت کە جولەکەکانی پورتوگاڵ، بە درێژایی سەدەکانی ڕابردو وەک میللەتی کورد ئەمڕۆ لە تورکیا و ئێران و سوریا مافی هاوڵاتی بون و ڕەگەزنامەیان هەرگیز پێنەدراوە.. نەیان توانیوە مومارەسەی دین و کولتوری نەتەوەیی خۆیان بکەن. بۆیە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردو جولەکەکانی پورتوگال لە دەست زوڵمی پاشا یەک بە دوای یەکەکانی پۆرتوگال هەمیشە ڕایان کردوەتە وڵاتەکانی دەوروبەر)) (پیرباڵ، ٢٠١٠: ٨٢). بەهەمان شێوە میللەتی (کورد)یش ڕوبەڕوی ئەو نەهامەتی و شەڕ و کوشتنە بوەتەوە. کوردەکانیش بەهۆی زەبر و زەنگ و لە ترسی شەڕ و توندوتیژی ڕژێمی بەعس ڕویان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کردوە. ئەمە مێژویەکی هاوبەشە لە نێوان هەردو نەتەوەی کورد و جولەکە کە هاوڵاتییەکانی بەهۆی شەڕ و شۆڕ وڵاتی خۆیان جێهێشتوە و ڕویان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کردوە، لەم بارەیەوە فەرەحناز کە پەناهەندەیەکی فارسە، سەبارەت بەو زوڵمەی کە بەرامبەر بە کوردەکان کراوە دەڵێت: ((کورد ئەسڵەن لە هەمو میللەتێکی دیکەی عێراق زیاتر چەوسانەوەیان بە دەست سەدامەوە دیوە قوربانی هەرە گەورە لە عێراقدا کوردەکانن، ئێوەن.)) (پیرباڵ، ٢٠١٠: -٦٨).لێرەدا مێژویەکی تاڵ و ئاوارەیی هاوبەش لەنێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی جولەکەدا هەیە. هەردو نەتەوە ڕوبەروی کوشتن و نەفیکردن بونەتەوە، هەردو نەتەوە زوڵمیان لێکراوە. کارەکتەر فەرەحناز، کە ئەویش پەناهەندەیەکی فارسە، بە هۆی کاریگەری کولتوری ڕۆژئاوا، درک بەو ستەمە دەکات، کە لە مێژودا بەرانبەر کورد و جوکان کراوە.

**ناسنامەی ئاینی:** ئەم جۆرە ناسنامەیە ئاماژەیە بۆ شێوازی پێناسەکردنی تاکەکان لە پێوەندی لەگەڵ بیروباوەڕ و پراکتیزە و کۆمەڵگا ئاینییەکان. ناسنامەی ئاینی دەتوانێت کاریگەری لەسەر نۆرمە کولتوری و بەها ئەخلاقییەکان و هەڵبژاردنی شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. بۆ هەندێک کەس ناسنامەی ئاینی بابەتێکی کەسی و ڕۆحییە، لە کاتێکدا بۆ هەندێکی تر ڕەنگە زیاتر پەیوەندییەکی کولتوری یان خێزانیی بێت.

بێگومان ناسنامەی ئاینی بە تێپەڕبونی کات پەرەدەسێنێت، یان دەپوکێتەوە، بەهۆی ئەزمونە کەسییەکان، پەروەردەی خێزانیی، یان بەرکەوتن بە بیروباوەڕی جیاواز و ژینگەی جیاوازەوە. لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە تاکەکان هەستێکی بەهێزی سەربەخۆیی لە کۆمەڵگەیەکی ئاینی دیاریکراودا بکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر لەوانەیە پرسیار بکەن یان دور بکەونەوە لە پاشخانی ئاینی خۆیان، بیروباوەڕی جیاواز وەربگرن یان خۆیان وەک عەلمانی، یان بێدین بناسێنن.

نەتەوە موسڵمانەکان بەوە دەناسرێنەوە کە گۆشتی بەراز ناخۆن، چونکە ئاینەکەیان ڕێگەیان پێنادات و گۆشتەکەی حەرامە بەپێی دەقە قورئانییەکان، یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (پیاوێک لە حەمامی جوەکان)، کە پەناهەندەیەکی کوردە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوکاتەی لە وڵاتی نەرویج دەستگیرکراوە لە زیندان بوە، باس لەیەکەم بەریەککەوتن لەگەڵ زیندانییەکان دەکات و دەڵێت کە بۆ یەکەم جار دەگیرێیت ((شاڵاوی پرسیار دەست پێدەکات خەڵکی کوێی؟ سزاکەت چەندە؟ لەسەر چی گیراوی؟ دەمەوێ وەڵام بدەمەوە، یەکێکیان کە دیارە ئەفغانییە دەڵێ من دەڵێم کوردە، نەرویجییەکەی پەنام من دەڵێم تورکە، کەسێکی تر لەوبەری مێزەکە دەڵێ منیش دەڵێم کوردە، بەبێ ئەوەی گرنگی بە من بدەن دەبێتە چەلەحانێ لەسەر

ناسنامەی من! بۆ دڵنیابون لە ناسنامەم، بەردەوام سەیرم دەکەن و جەخت لە بۆچونی خۆیان دەکەنەوە. بێزار دەبم لە دەستیان. دەستێک بۆ گۆشتەکە دەبەم، ئیریک دەڵێ، ئەگەر موسوڵمان بێ گۆشت ناخوا. ئەفغانییەکە دەڵێ:

- ئەگەر موسوڵمان بیت گۆشت ناخۆی، ئەوە گۆشتی بەرازە.
- شانێک هەڵدەتەکێنم. ئەفغانییەکە ڕستەکەی دوبارە دەکاتەوە و من تەنها سەیر دەکەم. لە کۆتایی دەڵێم:
- کوردم. بە تاوانی کوشتنی هاوڕێکەم بۆ ماوەی مانگێک دەست بەسەرم.

لەگەڵ خواردنی گۆشتەکە ڕو لە ئەفغانییەکە دەکەم.

- برسێتی باش نییە، نامەوێ بیر لە حەڵاڵ و حەرام بکەمەوە.

ئیریک دەڵێ:

- بۆچی وا سەیری دەکەن؟ دەیەوێ وەک ئێمە بژی نابێ کەسێ وەک ئێمە بژی. نابێ کەسێک لەئێوە وەک ئێمە بژی؟)) (هۆشیار، ٢٠١٨: ٨٦-٨٧). هەروەکو باسمان کرد لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە گۆشتی بەراز حەرامە و موسڵمان نابێت بیخوات، بەڵام دەبینین ئەم پەناهەندە کوردە کاتێک لە یەکێک لە زیندانەکانی وڵاتی نەرویج زیندانی دەکرێت، گۆشتی بەراز بۆ زیندانییەکان دەهێنن، پەناهەندە کوردەکە لەگەڵ ئەوەی کە دەزانێت ئەوە گۆشتی بەرازە، کەچی هەر دەیخوات. ئیریک کە کارەکتەرێکی نەرویجییە بە زیندانییە موسوڵمانەکانی دیکە دەڵێت وازی لێ بێنن، ئایا نابێت کەسێکی موسڵمان وەک ئێمە بژییەت؟ واتە پەناهەندە موسوڵمانە کوردەکە وەک کارەکتەرێکی ئەوروپی خۆی دەنوێنێتەوە، بەوەی کە گۆشتی بەراز دەخوات.

هەروەها مەحەمەدی حاجی زادە کە پیاوێکی ئاینییە و پەناهەندەیەکی فارسە، هەمان ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەی ئەو پیرە پیاوە فەڕەنسییەی گرتوە، کاتێک کە دەیەوێت کردەی نێربازی لەگەڵ ئەنجام بدات. واتە وەک ئەو خۆی دەنوێنێتەوە. واتە جۆرە کردەیەک دەنوێنێتەوە، کە وەک کردەی ئەوروپییەکانە. ئەویش کردەی نێربازییە. دوای ئەوەی کە ئەم پیرە پیاوە فەڕەنسییە داوای لە مەحەمەدی حاجی زادە دەکات کە نێربازی لەگەڵ ئەنجام بدات و لە بەرامبەردا بڕێ پارەی دەداتێ. مەحەمەدی حاجی زادە ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەرەتادا ڕازی نەبوە، بەڵام دوای ئەوەی کە تەماحی زیاتری پارەی داوەتێ ئەویش ئەو کردەی لەگەڵ ئەنجام داوە. بە ئەنجامدانی ئە کردەیە مەحەمەدی حاجی زادە وەک ئەوروپییەکان خۆی نواندوەتەوە. ئەمەش خاڵی لێکچوە لە نێوان کارەکتەرە پەناهەندەکە لەگەڵ کارەکتەرە ڕۆژئاواییەکە. مەحەمەدی حاجی زادە باسی ئەوە دەکات کە یەکەم جار چۆن ڕوبەڕوی ئەم حاڵەتە بۆتەوە و پیرەپیاوە فەڕەنسییەکە چۆن ڕازی کردوە. لەو بارەیەوە مەحەمەدی حاجی زادە دەڵێت ئەو پیرە پیاوە فەڕەنسییە ((-هەر دەپاڕایەوە.. ئنجا کاتێک زانی کە من هەر ڕازی نابم، کردی بە (سەد فرانک). هەر گوتم: نا. پاشانیش کردی بە (سەد و بیست و پێنج فرانک) بەردەوامیش سفت و کەفەڵی لە زەکەرم دەخشاند و دەپاڕایەوە.

مەحەمەد حاجی زادە دەیگوت:

- گوناح بو، ئیتر. بەزەییم پێیدا هاتەوە محمدی حاجی زادە پاشان زەردەخەنەیەکی کرد بە ئاوازێک کە زەبونی و نائومێدی لێ دادەچۆڕا، گوتی:

- من.. پەراوێزبویەکی ڕۆژهەڵاتی..

-ئەویش پەراوێزبویەکی فەرەنسی...

- باش یەکتریمان دۆزیوەتەوە.ها؟ ئینجا لە کۆتایی قسەکانیدا هەناسەیەکی ڕوزەرد و کۆستکەوتوانەی هەڵکێشا:

ئەوروپییەکان کاتێک تێکدەشکێن و بەم شێوەیە بەدبەخت دەبن.. ئنجا دادەبەزنە خوارەوە بۆ ئاستی ئێمەی پەناهەند... ئاغای فەرهاد!

-گوتم: واتا چۆن؟!

- ئەوروپییەکان کاتێک تێک دەشکێن ئنجا بۆ ئاستی ئێمەی پەناهەندە دادەبەزنە خوارەوە))(پیرباڵ، ٢٠١٠: ١١٤-١١٥). لەلای ئەوروپییەکاندا کردەی نێربازی ئاساییە و مرۆڤ ئازادە هەر کارێک ئەنجام دەدات. مەحەمەدی حاجی زادە کە پەناهەندەیەکی ڕۆژهەڵاتییە بەهۆی پیرەپیاوێکی فەرەنسییەوە لەم کردەی نێربازییەوە دەگلێت و دواجار وەک ئەوان خۆی دەنوێنێتەوە. مەحەمەدی حاجی زادە دەڵێت لە خاڵێکی دیکەدا ئەوروپییەکان هاوشێوەی ئێمەی پەناهەندەن، ئەویش ئەوەیە ئەوان کاتێک توانای هیچیان نامێنێ و پیر دەبن و پەکیان دەکەوێت، ئینجا خۆیان دەهێننە ئاستی ئێمەی پەناهەندە.

دوای ئەوەی مەحەمەدی حاجی زادە، کاری نێربازی لەگەڵ ئەم پیرە پیاوە فەرەنسییە ئەنجام دەدات. لەجیاتی ئەوەی پۆزش بۆ کارەکەی خۆی بهێنێتەوە، شەرم لە خوا و خەڵک بکات. کەچی ئەو دەڵێت ئەم کارەی من هیچ زیانێک ناگەیەنێت بە خەڵکی. واتە لە هەموی کێشەتر ئەوەیە مەحەمەدی حاجی زادە، ڕەوایەتی بەم کارە قێزەونەی خۆی (هاوڕەگەزبازی) دەدات. دەیگوت ئەمە شتێکە لەسەر داخوازی ئەوە و هیچ خراپەیەک و هیچ زیانێکی بۆ دەوروبەرەکەمان نییە. لە ڕوانینی خۆیەوە ئەمە بە گوناهێکی گەورە و قێزەون دانانرێت. لەبەر ئەوە موحەمەدی حاجی زادە ((بەتێگەیشتنی خۆیشی ئەم کارە گوناح نەبو. چونکە لەسەرداخوازی خۆیەتی.. ناشبێتە هیچ چەوسانەوەی هیچ مەخلوقاتێک، چ قەیدییە!

مەحەمەدی حاجی زادە وەک ئەوەی لەسەرمان هەڵبلەرزێ، ناولەپی خۆی لە یەکتر دەخشاند.

- ئەدی چ بکەم؟ لەبرسان بمرم؟

- بۆ یەکەم جار لە کاتی ئەوگفتوگۆیەماندا تەماشای ناو چاوی کرد، وەک ئەوەی بیەوێ من بە خەتابار بزانێ.

- ئەدی بچم دەست لە خەڵک پان بکەمەوە؟ درۆزە بکەم؟!))(پیرباڵ، ٢٠١٠: ١٠٩). دەبینی مەحەمەدی حاجی زادە وەک ڕۆژئاواییەکان خۆی دەنوێنێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی دەروناسییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمە زیاتر خودناسینە دوای ئەوەی لە دەرونی خۆیدا خۆی باشتر ناسیوە دەستی بەم کارە کردوە، ئەگەرنا مرۆڤ دەتوانێت برسیش بێت و بێ شوێنیش بێت، بەڵام هیچ کاتێک ئەم کارە قێزەونە ئەنجام نەدات. چونکە ئەم کارە دژی هەمو یاسا و پرەنسیپە دینییەکانە.

هەروەها مەحەمەدی حاجی زادە لە جێگایەکی دیکەدا ساقی گوڵچین کە پەناهەندەیەکی ئێرانییە پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، ئایا ((ئێوە قبوڵتانە کەپلێکی ئێرانی پێکەوە بژین و ژن و مێردیش نەبن؟

- محمدی حاجی زادە گوتی: بێگومان خانم کە دەچیتە شاری کوێران دەبێت دەست بە چاوتەوە بگری.

- ساقی گوڵچین گوتی براڤۆ جاران ئەوها بیرت نەدەکردەوە.

- محمدی حاجی زادە ڕوی کردە من و ویستی بە حەنەکەوە قسە بکا جاران تەنیا کەمال ئەلمولکم دەناسی هێشتا پیکاسۆم نەناسیبو))(پیربال، ٢٠١٠: ١٦٠). لێرەدا مەحەمەدی حاجی زادە بە هەمان شێوە وەک ئەوروپییەکان بیر دەکاتەوە و خۆی دەنوێنێتەوە. ئەوروپییەکان پێش پرۆسەی هاوسەرگیری (کوڕ و کچ) لەگەڵ یەکدی دەتوانن بژین و هەمو کارێک ئەنجام بدەن، تەنانەت کردەی سێکسیش. بۆیە دەبینین مەحەمەدی حاجی زادە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوان، دەبینین وازی لە بنەما ئاینییەکانی ئیسلام هێناوە و وەک ئەوان خۆی دەنوێنێتەوە.

## ئەنجام

١- بابەتی لێکچون و ناسنامە لەو ڕۆمانانەی پراکتیکمان کردون بە شێوەیەک کاری لەبارەوە کراوە، کارەکتەرەکان لێکچونەکان بۆ پاراستنی ناسنامە و گەیشتنەوە بە خودی خۆیان پەسەند دەکەن.

٢- کارەکتەری پەناهەندە لە ڕۆمانەکاندا، هەمو هەوڵێک دەدەن پنتی لێکچون لەگەڵ ئەو خەڵک و وڵاتەی تێیدا پەناهەندەن بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی وەک ئەوان خۆیان بنوێننەوە و ئەزمونی ئازادییەکانی ئەوێ بکەن.

٣- لە ناسنامە و لێکچوندا کارەکتەری پەناهەندە هەست بە ئاسودەیيەکی زۆر دەکات لەگەڵ ئەو کولتورە نوێیەی کە لەگەڵی بەریەککەوتوە، چونکە لێکچون و هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان خۆی و ئەم کولتورە تازە دا دەبینێتەوە.

٤- کارەکتەری پەناهەندە بۆ ئەوەی توشی بەریەککەوتن نەبێت، خۆی لەگەڵ ئەو کلتورە نوێیەدا دەگونجێنێت  و وەک تاکی ڕۆژئاوایی خۆیان دەنوێننەوە. بۆ نمونە (مەحەمەدی حاجی زادە) لەناو ژینگە و کولتوری فەرەنسا تواوەتەوە.

٥- لە ناسنامە و لێکچوندا کارەکتەری پەناهەندە لە هەمو ڕویەکەوە هەست بە دڵخۆشی و ئارامی دەکات، بەوەی لە وڵاتێکی ئازاد و ئارامدا دەژیت، وەک (شکۆ) کە یەکێکە لە کارەکتەرە پەناهەندەکانی ناو ڕۆمانی (دواوێستگەم باکورە) بە هەمو شێوەیەک خۆی لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ڕۆژئاوادا دەگونجێنێت. یان (مەحەمەدی حاجی زادە) لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا). بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتوری ڕۆژئاوایی و وەک ئەوان خۆیان دەنوێننەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


ئەحمەدزادە، هاشم(٢٠١٢)، زمان، ئەدەب و ناسنامە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
ئەحمەد، گەشبیر (٢٠١٩)، بۆنی دایک (بەرگی دوەم کتێبی نزاکانی دایکم) چاپی یەکەم، هەولێر.
بەرزنجی، جەلال (٢٠١٨)، دواوێستگەم باکورە، ماڵی وەفایی.
پیربال، فەرهاد (٢٠٠٢)، سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، بڵاوکراوەی ئاراس چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.
پیربال، فەرهاد (٢٠١٠)، هۆتێل ئەوروپا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
خەلیل، زانا (٢٠٠٧)، ئۆلگا بۆرۆ دینۆڤا، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٤) لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپا ئێکێ چاپخانە وەزارەتا پەروەردە- هەولێر.
سەعید، هیوا عەزیز (٢٠٠٣)، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩) بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی.
عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) (١٣٧٦)، هەنبانە بۆرینە، انتشارات سروش، چاپی دوەم، تهران.
عەلیزادە، خالید (١٣٩٤)، لێبوردەی و جیاوازی (کۆمەڵە وتار) چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
قادر، هیوا (٢٠٢١ب)ماڵی پشیلەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
قادر، هیوا ( ٢٠٢١ ا)منداڵانی گەرەک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی چوارەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
مەحەمەد، عەتا (٢٠١٨)، هەنار و فریشتەی مردن (ڕاپۆرتێک لەبارەی مەحویيەوە) چاپخانەی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
مەسیفی، دیدار (٢٠١٥)، ئیلشا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
نەبەز، جەمال (١٩٨٤)، بیری نەتەوەی کورد نە بیری قەومی ڕۆژهەڵاتی یە، نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوای یە.

هۆشیار، ئاڵا (٢٠١٨)، پیاوێک لە حەمامی جوەکان، بڵاوکراوەی ناوەندی هەرمان بۆ وەرگێڕان، چاپی یەکەم.
رسول. رسول حمد(٢٠٢٤)، گوتاری فرە کولتوری لە ڕۆمانی کوردیدا باشوری کوردستان (٢٠١٠-٢٠٢٠) نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان- عێراق.
قادر عەلی، کارزان موحسین(٢٠٠٨)، بنیات و ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمالدا، زانکۆی کۆیە.
فۆکۆیاما، فرانسیس، و/ دڵشاد میران (٢٠١٩)، ناسنامە، داواکارییەکانی شکۆ و سیاسەتی نیگەرانی، گۆڤاری گوڵان، هەولێر.

الجراری، عباس(١٩٨٨)، مكونات الهوية المغربيةو مقال نشر ضمن كتابو الهوية الثقافية للمغرب، كتاب العلم الطبعة الاولى

Audi, Robert(1999) The Cambridge Dictionary of Philosophy, second Edition, Cambridge University.